# پەیوەندییە ڕیشەییەکانی نێوان شیعر و هزر به نمونەی شیعرەکانی (زەینەب خان- کچه کورد[*])

**مەهاباد ئازاد محەمەد**

بەشی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوخته

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( پەیوەندییە ڕیشەییەکانی نێوان شیعر و هزر، بە نمونەی شیعرەکانی (زەینەب خان- کچه کورد-) ە. توێژینەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییە. بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە بنچینەییەکانی نێوان شیعر و هزر، سەرەتا سەرچاوە و جیهانبینی دوو جۆر لە شیعر لە یەکتری جیاکراوەتەوە، سەرچاوەیەکییان ئەو واقیعە دیاریکراوانەن، کاریگەریی لە سەر سایکۆلۆژییای شاعیر دروست دەکەن و بە شێوازێکی ئەدەبی گوزارشت لە هەمان بابەت و هەست و نەستی کارتێکراو دەکەنەوە. سەرچاوەکەی تریشییان، ئەو جیهانبینییە عەقڵی و ئۆنتۆلۆجییەیە، کە شیعرییانە دادەمەزرێت و بیرکردنەوە و هزر، دیاریکەری بنەمای بوون و ڕەمزییەتی شیعرەکەن. توێژینەوەکە لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئۆنتۆلۆجی نمونە شیعرییەکانەوە، جەخت لە پەیوەندییە دێرین و بنچینەییەکانی نێوان شیعر و هزر دەکاتەوە. ئەم پەیوەندییە، هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە، جێگەی پرسیار و بایەخی بیرکردنەوەی بیرمەندان بووە. لە توێژینەوەکەدا پەیوەندییە بنچینەییەکانی نێوان شیعر و هزری فەلسەفی خراوەتەڕو؛ پاڵپشت بە بۆچوونی چەند بیرمەندێکی وەک ( پارمێنیدس، فریدریش شیللەر، ئیمانوێل کانت، هیگل و مارتن هایدگەر). هەروەها ئەو جۆرە لە شیعر ڕوون کراوەتەوە کە سەرچاوە لە بیرکردنەوەی عەقڵییەوە دەگرن. بە پشت بەستن بەو شیکردنەوانە، توێژەر بەشی دووەمی توێژینەوەکەی تایبەت کردووە بە نمونە شیعرییەکانی (زەینەب خان) کە هزر و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە تێیاندا باڵا دەستە و گفتوگۆی پرسە قووڵەکانی چییەتی ژیان و مرۆڤ و بوون و گرنگی بیرکردنەوە دەکەن. بەمەش شیعرەکان، تەنیا فۆڕمێکی ئێستاتیکییانەی زمانی و سایکۆلۆژیی بەرجەستە ناکەن، بەڵکو بیرکردنەوەن لە پرسە مرۆیی و چارەنوسسازەکان. هزرینی شیعریی شاعیر، جگە لەوەی گەڕانێکی قووڵتر لە ئەزمونی ناوەکییانەی مرۆڤ دەخەنەڕو، هەڵگری بنەمای فکری ڕۆشنگەری و هۆشیارییەکی قووڵن، ئەمەش پەیامی جۆرێك لە ڕۆشنبیری تر لە خۆ دەگرێت، کە جیاوازە لەو ڕۆشنبیرییە شیعرییە سەردەمییەی کە هەبووە و هەیە.

**وشە سەرەکییەکان:** هزر، ئۆنتۆلۆژی، هۆشیاریی ، زەینەب خان، عەقڵی ڕەخنەیی، ڕۆشنگەری

## پێشەکی [1]

شیعر و بەرهەمی هزریی و فەلسەفی، لە دەرکەوتدا وەك دوو کایەی جیاوازی دور لە یەك دەبینرێن، ئەمەش وای لە بەشێك لە بیرمەندان و نوسەران کردووە، جەخت لە گرژی و جیاوازی نێوان ئەم کایانە بکەنەوە، بەرامبەر ئەمە بەشێکی تر لە بیرمەندان، پەیوەندییە ئۆنتۆلۆژییەکانی نێوان شیعر و هزر پشتڕاستدەکەنەوە. بۆیە لەم توێژینەیەوەدا دەپرسین ئایا هەموو شیعرێك پەیوەندیی ڕیشەیی لەگەڵ هزرین و عەقڵی لۆجیکیدا هەیە؟ چییەتی ئەم شیعرە کامەیە، کە لە ڕێگەی دنیابینینی شیعریی و داڕشتە هونەری و ئێستاتیکییەکانەوە ، پەردە لەسەر پرسیارە بنەڕەتی و ئۆنتۆلۆژییەکان لادەدەن؟ ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەی بەشێك لە شیعرە هەڵبژێردراوەکانی (زەینەب خان) ە وە، هەوڵدەدات پەیوەندییە بنچینەییەکانی نێوان ئەم دو کایە مەعریفی و ئێستاتیکییە ڕونبکاتەوە. سەرەتا دەبێت بپرسین ئایا شیعرەکانی (زەینەب خان) لە بنەما و جیهانبینییەکی عەقڵییەوە سەرچاوە دەگرن؟ ئەگەر وایە ئەو بەڵگانە چین کە ئەم جیهانبینییە عەقڵییەی شاعیر پشتڕاست دەکەنەوە؟ گومان و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ، چ ڕۆڵێکییان لە دامەزراندنی جیهانبینی شاعیردا هەیە؟ جگە لە بەدواداچوون بۆ وەڵامی ئەم پرسانە، هەوڵدەدەین ئەو گریمانەیە ساغ بکەینەوە، کە زەینەب خان یەکێکە لەو شاعیرە ڕۆشنبیرانەی لە ڕێگەی ئەمجۆرە لە شیعرەوە، کە لە هۆشیارییەکی عەقڵییەوە سەرچاوە دەگرێت، بیر لە چییەتی خودا و مرۆڤ و گەردون و سروشت دەکاتەوە ، جگە لەوەی ڕیشەییانە پرسیار لە هۆکاری هاتنەبوون و گرنگی هزر و بەرپرسیاریەتییە ئۆنتۆلۆژییەکانی بوونی مرۆڤ دەکات.

**میتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە میتۆدی هێرمۆنتیکە**، چونکە هێرمۆنتیك بەو پێیەی هونەر و زانستی تێگەیشتنە، میتۆدێکە پەیوەندی بە تەئویل و لێکدانەوەی ماناوە هەیە.

ئیمەیڵی توێژەر: mahabad.azad@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ ناوی توێژەران، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC 0 BY-NC-ND 4.

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٤ شوبات ٢٠٢٥؛ پەسەندکردن: ٩ ئازار ٢٠٢٥
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١ ئەیلول ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp473-486

یەکێکە لەو میتۆدە گرنگانەی لێکۆڵینەوە، گرینگی بە کردنەوەی مانای دەق دەدات. لە چوارچێوەی لێکدانەوەی بەشەکانی دەقەوە، دەمانگەیەنێت بە تێگەیشتن لە کۆی دەقەکە. جگە لەوەی ئەم میتۆدە زانستی و فەلسەفییە، لە پرۆسەی لێکدانەوەدا گرنگی بە گریمانە و ئەزمون و بیرکردنەوەی توێژەر دەدات و بەشدارییەکەی بە بەشێك لە پرۆسەی تێگەیشتن دەزانێت، بەمەش ڕێگە بۆ تێڕوانین و کرانەوەی مانا چاوەڕواننەکراوەکان خۆش دەکات، کە ڕەنگە لە کاتی شیکردنەوەدا سەرهەڵبدەن. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، بۆ گرنگی تێگەیشتن لە بابەتی پەیوەندیی نێوان شیعر و هزر دەگەڕێتەوە، لە شیعرەکانی (زەینەب خان) دا، چونکە پێمانوایە هزرین و هۆشیاری شاعیرانەی شاعیر، ڕۆڵی لە دانانی بەردی بناغەی ڕۆشنگەری و بیرکردنەوەی عەقڵیدا هەیە، بەڵام بە هۆی بڵاونەکردنەوەی شیعرەکانی لە کاتی نوسینیاندا، ئەم بناغەیە لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوە و باڵەخانەی جۆرێك لە ڕۆشنبیریی تری لە سەر هەڵنەچنراوە. بۆیە لە ئێستادا تێگەیشتن لە جیهانبینی و بنەمای فکری ئەم شاعیرە فەرامۆشکراوە، بە پێویستییەکی گرنگی دەزانین، بۆ تێگەیشتن و دامەزراندنی واقیعییانەی ئەو جیهانە فکرییەی لە ناو زمان و شیعردا، شاعیر لە هەوڵی دامەزراندنیدایە. جگە لەوەی " دۆزینەوەی ڕیشەکانی ڕۆشنبیریی عەقڵی و گفتۆگۆکردنی بیرۆکە بنەڕەتییەکان، لە کۆی بوارە ئەدەبی و مێژوویی و ئایینی و کلتوری و نەتەوەییەکانمان، بە مەبەستی دامەزراندنی جۆرێك لە ڕۆشنبیری تر و ناسینێکی بنەڕەتیتر، پێویستییەکی حەتمی دنیای ئیمرۆی ئەکادیمی و مەعریفی و ڕۆشنبیریمانە، کە لەوپەڕی تەنگژەی فکری و پەروەردەیی و قەیران و ئاڵۆزیدایە!." ( Mohammad:2024:26)

## ١. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ١-١. پەیوەندییە بنچینەییەکانی نێوان شیعر و هزریی فەلسەفی

قسەکردن لە سەر کارلێك و پەیوەندییە ڕیشەییەکانی نێوان شیعر و فەلسەفە، مێژویەکی دێرینی هەیە، لەوەش دێرینتر، بوونی خودی ئەو پەیوەندی و هەماهەنگییە قووڵەیە کە ڕیشە میتافیزیکییەکانی هەر یەك لەم کایانە دەگەیەنێتەوە بەیەك. بەدواداچوون و بیرکردنەوە لە بوون و نەبوونی ئەم پەیوەندییە، میراتێکی گەورەی هزری لێکەوتۆتەوە کە خۆی لە چەندین قۆناغی فکری و ڕەخنەییدا دەدۆزێتەوە. هەریەك لەم قۆناغانە لە قۆناغێکی تری دواتری فەلسەفیدا، دەبێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ پەرەسەندنی بیرۆکەکانی جوانیناسی و تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ماهییەتی هەریەك لە شیعر و فەلسەفە و کاری هونەری.

ئەو شیعرەی لە فەلسەفە نزیکە، ئەو شیعرە نییە، لە ڕێگەی کێش و سەروا و شێوە ئێستاتیکییە زمانییەکانەوە بە تەنیا گوزارشت لە حاڵەتە دەرونییەکان, یان حیکایەتی ڕوداوە واقیعی و مێژوویی و بەشەکییەکان دەکات، بەڵکو ئەمجۆرە لە شیعر دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی هزر و بینینە هەمەکییەکان. فەلسەفە وەك هزرینێکی سەرو هەستەکی، ئەگەر بەدواداچوون بۆ پرسە بنەڕەتییەکان بکات، لە بنەماکانی زانینی مرۆیی و واقیع و ئاکار و بوون و پرسە بنچینەییەکانی تر ڕابمێنێت، ئەوا جۆرێك لە شیعریش ئەو ڕێگا گونجاوە زمانییەیە کە لەگەڵ هەریەك لەم پرسە چارەنوسسازانە بە قووڵی دەکەوێتە گفتوگۆوە. قووڵبوونەوەی ئەم گفتۆگۆیە لە جیهانی بیرکردنەوەدا دەبێتە زەمینەیەکی شیاو بۆ کرانەوەی ئەم جیهانە سەروهەستەکییەی بینین. درکپێکردنە ڕۆحییەکان وێنا دەکات و هۆشیارییەکی تر لێیەوە دادەمەزرێت. " ئەمجۆرە لە شیعر کە فەلسەفە بە مانا ڕیشەییەکەی لەگەڵیدا دەکەوێتە گفتوگۆ، بە چەمکە هیگلییەکەی جۆرێکە لە پرۆسەی خوڵقان و هاتنەبوون. چونکە هیگل پێیوایە هونەر و ئەدەب و ئاکار و یاساکان.. سەر بە مێژوی هەمەکی جیهانن، بە هەمان شێوە بەرهەمی ڕوحی بیرکەرەوەن. بەمەش شیعر و کاری هونەری، چۆنایەتییەکی تایبەتن، بۆ دەرکەوتنی ڕۆح - عەقڵ"( :G.W.F.Hegel:2008: 300-301).

لە ناو مێژوی دێرینی ئەدەب و فەلسەفەی گریکیدا، یەکێك لەو بەڵگانەی گەواهی لەسەر پەیوەندیی ڕیشەیی نێوان شیعر و هزرینی فەلسەفی دەدات، قەسیدەیەکی شیعرییە. ئەم قەسیدەیە نەك هەر لە فەلسەفەوە نزیکە، بەڵکو بناغەی فەلسەفەی پێش سوکرات و دوای سوکراتیشی لەسەر دادەمەزرێت. " قەسیدەکانی پارمێنیدس کە بە ناونیشانی - دەربارەی سروشت- ە، بە یۆنانی کۆن بە "پێری فیزۆس" Peri Physeos" ناسراوە، قەسیدەیەکی فەلسەفییە. بەیتەکانی ئەم قەسیدەیە جگە لە پێشەکییەك، بەسەر دو بەشدا دابەش دەبن، بە ناوەکانی ڕێگەی هەق و ڕێگەی گومان." (الأهواني:١٩٥٤ : ١٣٠). (پارمێندس) یەکێکە لەو بیرمەندانەی بەشێوەی قەسیدەی شیعریی، بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی دادەڕێژێت و " بیرۆکەی بوون-بووە ڕوندەکاتەوە، لەوەدا کە بوون بە حزوری خۆی هەبووەکان دەهێنێتە ئاراوە" ( الياسين:١٩٨٥: ٤٩).

بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی (پارمێنیدس) لە ڕێگەی بینین و وێناکردنی چەندین وێنەی بەرزی شیعرییەوە، هەنگاو بە هەنگاو دەروازە بە ڕوی پرسیارە بنەڕەتییەکاندا دەکاتەوە، سەبارەت بە سروشتی واقیع و بوون و بنەماکانی مەعریفەی مرۆیی و یەکێتی بوون. لەم شیعرەدا دیالۆگێک لە نێوان شاعیرو خواوەندێکی حیکمەتمەند، کە ڕێنوێنی ڕێگەی زانینی پارمیندس دەکات ڕودەدات. لەوێدا لە ڕێگەی دیمەنە شیعرییەکانەوە دوو ڕێگای جیاواز بۆ گەیشتن بە زانین ڕوندەکاتەوە. گوتنەکانی خواوەندی ناو قەسیدە شیعرییەکە، جەختکردنەوەی پارمێنیدسە لەسەر هزر و زانینی عەقڵانی. ئەو لە ڕێگەی فۆڕمێکی دیاریکراوی زمانییەوە، ئەوەی کە بیرکردنەوەی لە جیهانی هەمەکی و عەقڵیدا دەیبینێت، شیعرییانە بەیانی دەکات. بەمەش وەك ئەوەی هایدگەر ڕونیدەکاتەوە، ئەو حەقیقەتە پۆشراوەی لە ناو بیرکردنەوەیدا ئاشکرا دەبێت و پەردەی لەسەر لادەدات، لە ڕێگەی زمانەوە ڕەمزییانە و شیعرییانە، دێنە گوتن.

فەلسەفەی ئەم قەسیدە شیعرییە کاریگەریی تەواو لەسەر پەرەسەندنی بیرۆکە فەلسەفییەکان و بیرکردنەوەی عەقڵی لە سەردەمی کۆن و نوێدا جێدەهێڵێت. هەر ئەوەشە وا لە "مارتن هایدگەر" دەکات بەشێك لە وانە زانکۆیی و لێکۆڵینەوە قووڵەکانی بۆ شیکردنەوەی فەلسەفەی ئەم قەسیدەیەی پارمێندس تەرخانبکات، دواتر بۆ یەکەمجار وەك یەکێك لە بەرهەمە گرنگە فەلسەفییەکانی لە ساڵی ١٩٤٢ بڵاویبکاتەوە. هایدگەر لە کتێبەکەیدا، کە بە ناونیشانی "پارمێنیدس" ە ، شیعری "لە سەر سروشت"ی پارمێنیدس لێکدەداتەوە و لە چەمکە فەلسەفییە گرنگەکانی ئەم شیعرە دەکۆڵێتەوە. هەوڵدەدات گرنگی بیرۆکەکانی بۆ تێگەیشتن لە پرسی بوون لە فەلسەفەدا ڕونبکاتەوە.( HEIDEGGER,1992: 215-220) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو شیعرەی سەرچاوە لە هزرین و پرسە قووڵەکانەوە دەگرێت، هەر بە تەنیا سەر بە هەبووەکانی هەمان ئەو جیهانە عەقڵییە سەرو هەستەکییە نییە، کە فەلسەفە لە زماندا بەرجەستەی دەکات، بەڵکو سەر بە وجودێکی قووڵتریشە کە تەواوی جیهانی بوونە مرۆییەکە و پرسە ئۆنتۆلۆجییەکانی کۆی ژیان لە خۆ دەگرێت. هەر ئەوەشە وا لە گادامیر دەکات لە کتێبی (طرق هيدغر - ڕێگاکانی هایدگەر)دا ، کە تێیدا هەوڵی

شیکردنەوەی بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی هایدگەر دەدات، پەیوەندی قووڵی نێوان زمان و شیعر و فکر ڕونبکاتەوە. پێیوایە لەمجۆرە شیعرەدا کە هایدگەر مەبەستییەتی، دەستەواژە شیعرییەکان بۆ مەبەستی جوانکاری بەکارنایەن، بەڵکو حەقیقەتێکی پەنهان ئاشکرا دەکەن، سەبارەت بە هەمەکییەتی جیهان و وجودی لێرەبوونی مرۆییمان. لە درێژەی ڕونکردنەوەکانیدا گادامیر ئاماژە بە گرنگی بیرۆکە فەلسەفییەکانی هایدگەر دەدات و ستایشی دەکات، لەوەدا لە سەردەمی هەژمونی بیرکردنەوەی حسابی و ئاماریدا، دەمانباتەوە ناو جیهانێك بەدەر لە پێوەرە حسابییەکان. بیرکردنەوە دەبێتە پێوەرێکی سەرەکی و سەلمێنەری بوونی ڕەسەنی دازاین ( غادامیر:٢٠٠٧ : ١٦٣-١٦٤).

یەکێکی تر لەو بیرمەندانەی جەخت لە پەیوەندیی نێوان شیعر و هزر دەکاتەوە " فریدریش شیللەر" ە ، کە بەوردی پەیوەندی هەماهەنگانەی نێوان شیعر و هزرینی فەلسەفی ڕوندەکاتەوە. شیللەر لە یەکێك لە بەرهەمەکانیدا، کە سەبارەت بە (پەروەردەی جوانیناسی مرۆڤ ) نوسیویەتی - بە "نامەکان لەسەر پەروەردەی جوانیناسی"- ناسراوە. چونکە لە شێوەی نامەدا نوسراون. لە وێدا جەخت لە پەیوەندی نێوان شیعر و فەلسەفە و پەروەردەی مرۆڤ، دەکاتەوە. ئەوە ڕوندەکاتەوە، ئەگەرچی شاعیر هەست و بیرۆکەکانی بە شێوازێکی ئێستاتیکی و هونەری دەردەبڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی دادەڕێژێت، تێڕوانینی قووڵ و وەڵامی پرسیارە فەلسەفییەکان، لە ڕێگەی ئەزمونی ئێستاتیکییەوە دەگەیەنێت. لەمەوە پێیوایە شاعیر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بیرمەندێکی پەروەردەکارە. ئەوەش ڕوندەکاتەوە کە شاعیر بە مانا قووڵەکەی بە بەهای جوانی ئاشنامان دەکات و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەستی جوانیناسیمان پەروەردە دەکات. هەر بۆیە شاعیران بە مامۆستای ناڕاستەوخۆی مرۆڤایەتی دادەنێت، چونکە بیەوێت و نەیەوێت فێرمان دەکات و ڕێگای جوانیمان نیشاندەدات(Friedrich Schiller :32-36:2016).

لە بەشەکانی دواتریدا بە وردی باس لە پەیوەندییە بنچینەییەکانی نێوان شیعر و ڕوح بە مانا عەقڵییەکەی دەکات، بەوەی شیعر و پەروەردەی جوانیناسی، ڕۆڵێکی گرنگ لە گەشەسەندنی هۆشیاری مرۆڤ دەگێڕن، بەتایبەت لە تێپەڕاندنی ژیانی غەریزەیی و ویستە ئاژەڵییەکانەوە، بەرە و بیرکردنەوە و دەستگرتن بە ئاکار و هەستە باڵا و مرۆییەکان دەمانبەن . ئەم تێگەیشتنەی شیللەر سەبارەت بە دەرکەوتنی بیرۆکە ڕۆحییەکان و حیکمەتی قووڵ لە شیعردا، کاریگەرییەکی تیۆریی قووڵ، لە بواری ئێستاتیکا و فەلسەفەی هونەر، جێدەهێڵێت. بە تایبەتیش لە سەر نوسەر و بیرمەندە هاوچەرخەکانی سەردەمی خۆی، لەوانە هۆڵدەرلین و هیگل و هۆمبولت...هتد, بەمەش تێگەیشتنە فەلسەفی و ئێستاتیکییەکانی ئەم قۆناغە فەلسەفییە شاقووڵییانە پەرەدەسێنێت.

گادامیر لە کتێبی (Wahrheit und Methode - الحقیقة والمنهج- ڕاستی و میتۆد) دا لە گرنگی تێڕوانینە فەلسەفییەکانی شیللەر دەدوێت، سەبارەت بە پەیوەندیی بنچینەیی شیعر و کاری هونەری و حەقیقەت، کە چۆن گۆڕانێکی ناوەکی لە بنەما ئۆنتۆلۆژییەکانی جوانیناسی دەهێنێتە کایەوە، بە تایبەت لەوەدا کە پەروەردەی ئێستاتیکیی مرۆڤ، بە ئەزمونکردنی ناوەکییانەی جەوهەری ئازادییەوە گرێدەدات و کۆمەڵگەی هۆشیار بەو کۆمەڵگەیە دەزانێت کە هۆگری شیعر و ئەدەبیات و هونەرە باڵاکانن(غادامیر:٢٠٠٧: ١٤٧-١٤٨).

لە سۆنگەی ئەم بنەما فکرییەوە، گادامیر بەشێکی بەرچاوی کتێبەکەی بۆ ڕونکردنەوەی ئەو پرسیارە تەرخان دەکات، کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ وەڵامەکەی لە ناو پرسیارەکەدا ئاشکرا دەکات. بەوەی دەپرسێت کێ دەیەوێت شیعر و فەلسەفە لەیەك جیا بکاتەوە؟ ئەم پرسیارە تێڕوانینی گادامێر دەخاتەڕو، کە هیچ هۆکارێکی ئەوتۆ نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شیعر و هزر و فەلسەفەدا، وەک دو بواری سەربەخۆ و دابڕاو لە یەکتری، چونکە لە پەیوەندییەکی هەماهەنگدان لەگەڵ یەکتریدا. بەمەش دەیەوێت بێ بنەمایی ئەو تێڕوانینە دەربخات کە شیعر و فەلسەفە، وەك دو کایەی لێکدابڕاو و جودا دەبینن. لەو بەشەیدا کە بە ناوی" زیندوکردنەوەی پرسی حەقیقەتی هونەری" یە بە وردی باس لە پەیوەندییە ڕیشەییەکان و نزیکی نێوان شیعر-هونەر- و فەلسەفە -حەقیقەت- دەکات، کە چۆن هەردوکیان بەشدارن لە زانین و تێگەیشتن لە جیهان (غادامیر:٢٠٠٧: ١٤٦). قووڵبوونەوە لەم تێگەیشتنە ئۆنتۆلۆجییە، دواتر شاعیرانی وەکو "نۆڤالیس و فریدریش هۆڵدەرلین" وا لێدەکات_شیعر وەک ڕێگەیەک بۆ دەربڕینی ڕەهەندە ڕۆحی و باڵاکانی جیهان سەیر بکەن .پێیانوایە شیعر دەتوانێت قووڵترین مانا و ڕاستی لە پشت واقیعی هەستەکی و بینراوەوە بەیان بکات و دەریببڕێت .

## ١-٢. ڕیشە مەعریفییەکانی شیعر و پرسی حەقیقەت لە بیرکردنەوەی شیعریدا

" ئیمانوێل کانت" لە کتێبی " نقد ملكة الحكم "دا پێیوایە شیعر یەکێکە لەو کایانەی نوێنەرایەتی فۆرمێکی جوانیناسیی مەعریفە دەکات. ئەزمونی جوانیناسیی وەک ڕێگایەک دەبینێت کە سوژە دەتوانێت لە ڕێگەیەوە هەماهەنگی لەگەڵ ئۆبژەدا بەدەستبهێنێت، کە دەبێتە هۆی فراوانبوونی تێگەیشتنمان لە جیهان. جگە لەمە کانت لەگەڵ ئەوەی ڕەخنە لە چێژە باوە هاوبەشەکان دەگرێت، جیاوازی لە نێوان دوجۆر لە چەشە دەکات، یەکێکییان پەیوەستە بە چێژە بنەڕەتییە جێگیرەکان، سەرچاوە لە هۆشیاربوون بە جۆرێك لە جوانییە باڵاکانەوە دەگرێت، لەگەڵ جۆرێکی تر لە چەشە کە ڕیشەی لە نێو چێژی گشتی و باودایە و پەیوەستە بە شتێکی دەرەکی دیاریکراوەوە. جۆری یەکەمییان لە خۆیدا هەڵگری جوانییەکی قووڵە و بە پێی شتێك و بە پێی سەردەمێك بڕیاری لە سەر نادرێت، بەڵکو چەشەیەکی بێگەردە، سەرچاوە لە جوانییەکی ڕەهاو ئازادەوە دەگرێت. ئەویتریش جوانییەکی وابەستەیە و نائازادە، لە بڕیارە گشتییەکان و لە دەرەوەی بڕیاری تێڕامێنیی کەسەکەوە سەرچاوە دەگرێت. (کانت:٢٠٠٥: ١٣٠-١٣٣). کەواتە دەرکەوتنی جوانی ئازاد ئەو کاتە دەدرەوشێتەوە کە کاری هونەری و شیعری داهێنراو، دەبێتە زەمینەیەك بۆ دەرکەوتنی بیرۆکە و کرۆکی جوانییە ڕۆحی و مومکینە لە خۆدابووەکان. ئەو ئامانجە پەتییەی لە جوانی و لەمجۆرە لە کاری هونەری بەدیدەکرێت، جیاوازە لەو ئامانجە مەبەستدارییەی لە جوانی وابەستە دەکەوێتەوە، کە ویستی واقیعێکی دیاریکراو یان ئامانجە سودگەرا سایکۆلۆجی و خودییەکان، ئاراستەیان دەکەن.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە لە ڕێگەی ئەم بۆچوونەوە ئێمە هەر بەتەنیا ناکەوینە بەردەم ڕونکردنەوەی دوجۆر لە چەشەی جوانی، بەڵکو لە هەمان بنەماوە دەکەوینە بەردەم دوجۆر لە شیعر یان کاری هونەریشەوە، کە یەکێکییان بەرهەمێنەرەوەی ئەو واقیعە دیاریکراوەیە کە هەیە و سەرچاوەی کارەکەیە، بەڵام بە کەرەستە و بە شێوازێکی تر بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئەویتریش ئەمجۆرە لە شیعر یان کارە هونەرییەیە، کە سەر بە هزر و جیهانی بیرکردنەوەیە، خولقێنەری جۆرێك لە جوانییە، کە تەنیا یەکجار لە دایك دەبێت و مێژوییانە جێدەگرێت.

هەر لە بنەمای ئەم تێگەیشتنەوە، (هیگل) بەهای جوانی و هونەرییەتی هونەر لەوەدا دەبینێت کە بتوانێت ڕووە و بیرکردنەوە و تێڕامان بانگهێشتمان بکات ."Die Kunst ladet uns zur denkenden ein" (G.W.F.Hegel:2008: 50). کەواتە لێرەدا شیعر بە مانایەك، ئەو بانگە ڕاستەوخۆ نەبیستراوەیە ، کە بۆ جیهانی بیرکردنەوە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp473-486

بانگهێشتمان دەکات،جیاواز لەو جیهانە دەرەکییەی ڕاستەوخۆ دەیبیستین و دەستمان پێیدەگات. بەمپێیە تێڕوانینی فەلسەفییانەی ئەو قۆناغەی بیرکردنەوەی جوانیناسی، شیعر و کاری هونەری، وەک پردێک دەبینێت لە نێوان گەردونی دەرەکی بینراو و مانا قووڵ و شاراوەکانی جیهانی ناوەوە و عەقڵی مرۆڤ.

شیعر لە پرۆژە فەلسەفییەکەی"هیگل" دا کە تێڕامانە لە بیرۆکە و قۆناغە دیالێکتیکییەکانی جوانی، ئەو زەمینە زمانییە شیاوەیە، کە ڕۆح -عەقڵ- دەتوانێت کەماڵی ناوەڕۆکی خۆی لەم شێوەیەدا بەدیبهێنێت. ئەو ماددە بەدیهێنەرەی کە پەیوەستی بینین و بیستنە، واتە بینراو و بیستراوە، هەردوکیان مەحکومن بە ئاماژەی ڕۆحی. ئەمجۆرە هونەرە بە شیعر ناودەبرێت. (هیغل:١٩٨٨: ١٤٢-١٤٤) لای هیگل ڕۆح بنەمای جوانییەتی کارە هونەرییە جیاوازەکان دیاریدەکات، وەك ماهیەتێکی جێگیر و پەرەسەندو، لە قۆناغەکانی جوانیدا شێوە دەگرێت. لە هونەری ڕۆمانسیدا بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بە دورترین مەودا و کەماڵی پەرەسەندنە لە خۆدا بووەکانی دەگات، چونکە لەم زەمینەیەدا ئازادی بیرکردنەوە، ڕێگە بە جیهانە ناوەکییەکە و ئاشکرابوونی هەست و سۆزە بنچینەیییەکانی منی بیرکەرەوە دەدەن، وەك ئەوەی هەن بێنەگۆ.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا "مارتن هایدگەر" دەروازەیەکیتر بە ڕوی تێگەیشتن لە بنەمای کاری هونەری و جیهانە ئۆنتۆلۆجییەکەی زمان و شیعر و چییەتی بیرکردنەوە دەکاتەوە. هایدگەر لە یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانیدا، دوای ئەوەی پرسیار دەخاتە سەر میتافیزیك، پرسیار لە ڕیشەی ئەم جیهانە و مەعریفەکەی دەکات، پرسی بوون لە مێژوی فەلسەفەدا دەباتە بواری قووڵترین تێڕامانە فەلسەفییەکانییەوە. ئەگەرچی مەودای کورتی ئەم تویژینەوەیە، بواری دریژەدان بەم بابەتە نادات، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە کارەکەی ئێمەوە هەیە و پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە، هایدگەر لە ڕێگەی شیکردنەوەی شیعرەکانی "هۆلدەرلین"ە وە، بە قووڵی لە پرسی زمان و چییەتی شیعر و بیرکردنەوە ڕادەمێنێت و لە ڕایەڵەی پەیوەندییەکانییان دەکۆڵێتەوە.

کتێبی (Erläuterungen zu Hölderlins Dichtung) **"ڕونکردنەوە لەسەر شیعری هۆلدەرلین"** یەکێکە لە بەرهەمە گرنگەکانی هایدگەر سەبارەت بە چییەتی شیعر. لەوێدا هایدگەر لە ڕێگەی شیکردنەوەی شیعرەکانەوە – بە تایبەت شیعری ئیستەر- Der Ister – Andenken- یادگاری - لە پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پرسی حەقیقەت و شیعر و بیرکردنەوە دەکۆڵێتەوە. لەوێدا شیعر تەنیا وەك دەربڕینێکی ئێستاتیکی مامەڵەی لەگەڵدا ناکات، بەڵکو بە زمانی بوون لێکیدەداتەوە، چونکە پێیوایە شیعر تەنیا جۆرێك نییە لە دەربڕینی هونەری، بەڵکو زمانی ئاشکراکەری حەقیقەتی وجودە. شاعیر لە ڕێگەی شیعرەوە دەتوانێت سروشتی شاراوەی جیهان ئاشکرا بکات. واتە جگە لەوەی کە جەخت لەسەر ڕۆڵی شیعر لە فەلسەفەدا دەکاتەوە، ئەوە ڕوندەکاتەوە کە شیعر شوێنێکە بیرکردنەوە و زمان بە شێوەیەکی ناوازە توانای دەرخستنی حەقیقەتی بوونییان هەیە. ئەمجۆرە لە حەقیقەت، لە دەرەوەی زمانی ڕۆژانەوە دەمانگەیەنێت بە مانا قووڵ و گوتراوە نەبیستراوەکان. بەمجۆرە هەنگاو بە هەنگاو لە ڕێگەی شیعری هۆلدەرلینەوە پەیوەندی قووڵی نێوان شیعر و حەقیقەت ڕوندەکاتەوە و شیعر بە جۆرێك لە بیرکردنەوە دەزانێت کە لە کایەی میتافۆر و ڕەمزدا خۆی ئاشکرا دەکات. ئەمجۆرە لە شیعر بەو زەمینە شیاوە فکرییە قووڵە دەبینێت، کە بوونی مرۆڤ و بوونی گەل، بە ئاگاییەوە، لەم زەمینەیەدا دادەمەزرێنێت. جەخت لە گرنگی شیعر دەکاتەوە، وەک ڕێگەیەک بۆ تێگەیشتن و پاراستنی جەوهەری جیهان.( 86 - 80 : Heidegger :1996).

هەر لە بنەمای ئەم تێگەیشتنەوە هایدگەر پێیوایە " شیعر و کاری هونەری ڕاستەقینە، جۆرێکە لە خوڵقان و گرێدراوی ماهییەتی خوڵقاندنە - Wesen des schffen – پرۆسەی ئاشکرابوونی هەبووە لە بەر ڕۆشنایی بووندا"( 30: 2010: Heidegger). کەواتە ماهییەتی جۆرێك لە شیعر و کاری هونەری، لە دەرکەوتنی ئەم حەقیقەتەوە دەرك دەکرێت، کە بە هۆشیارییەوە، لە هزرین و بیرکردنەوەی تێڕامێنەوە سەرچاوە دەگرێت.

## ٢. گرینگی هزر و بیرکردنەوە لە شیعرەکانی زەینەب خاندا

### ٢-١. ناساندنی ( زەینەب خادم سوجادە - کچە کورد):

زەینەب خان، کچی مەلا ڕەئوفە فەندی کوڕی مەحمودە فەندی، کوڕی مەلا سەعدی بنەماڵەی خادم سوجادەیە، لە (٢١ -٣ -١٩٠٠) لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە، لە بنەماڵەیەکی ئاینی خوێندەوار و نیشتمانپەروەر و ڕۆشنفکر و مەدەنیی سەردەمی خۆی، چاوی بە ژیان هەڵێناوە، دایکی ناوی (زەهوە خان) ە و کچی خورشیدە فەندی کوری عەبدوڵا فەندیی - ئامۆزای حاجی قادری کۆییە- . زەینەب خان، خوشکە گەورەی دڵداری شاعیر- هەر بەتەنیا شاعیر و ڕوناکبیر نەبووە، بەڵکو یەکەمین کچی کوردیشە، چۆتە قوتابخانە. باوکی – مەلا ڕەئوفی خادم سوجادە- کە ڕۆشنبیر و کەسێکی دیاری سەردەمی خۆی بووە، لە ساڵی ( ١٩٠٦) زەینەب خانی کچی بردوەتە بەغدا، بۆ ماڵی خاڵی ( عەبدوڵڵای خورشیدە فەندی)، لەوێ لە قوتابخانەی (ڕوشدییە) ی کچان تاوەکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەخوێنێت. دوای ئەوە دەگەڕێتەوە شاری کۆیە و لەوێ درێژە بە خوێندنە ئایینیەکانی وەکو دەرسی حەدیس و تەفسیر و ئوصول و ئەدەبیات و زمانی فارسی بە تایبەتی کتێبی بوستان و گوڵستانی سەعدی شیرازی و دیوانی حافزی شیرازی خوێندووە. ( خادم سوجادە- دیوانی زەینەب خان: ٢٠٠٨: ٣٥). زەینەب خان وەك ڕوناکبیر و نیشتمانپەروەرێکی سەردەمی خۆی "نەك پێوەندی بە حزبی دارکەر و هیواوە کردووە، بەڵکو لە دامەزرێنەرانی بووە، وەکو دیارە لەگەڵ باوك و براکانی دڵدار و ئاسەف و سەعدی و سەعید ئاغادا، ئەندام و دەستەی دامەزرێنەرانی ئەم سێ حزب و ڕێکخراوانە بوون."(غەمبار: ٢٠٢١: ١٧). هەروەها یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خۆیبوون.

(سینەم جەلادەت بەدرخان) ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە، کە بنەماڵەی مەلا ڕەئوفی خادم سوجادە " لە دەوروبەری - بحەمدون – لە بەیروت – ساڵی ( ١٩٢٧) کاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوونی نیشتمانی کوردی، مەلا ڕەئوف و چەندان لە کوڕەکانی و بە تایبەت زەینەب خان، ئامادە باشییەکی ئافرەتانەی کوردانەی بێ وێنەی لەو کاتەدا تۆمارکرد،... گرینگترین بەرهەمی ئەم چینە سیاسییە هەڵبژاردەی کورد، ڕێکخراوێکی سەربەخۆی کوردیی بوو، بە ناوی( خۆیبوون)"( غەمبار: ٢٠٢١: ١٥-١٦). لەم دەروازە کورتەدا ناتوانین بە درێژی باس لە ژیانی ئەم ڕوناکبیر و شاعیرە لەبیرکراوە بکەین، بەڵکو دەمانەوێت دواتر لە ڕێگەی شیکردنەوەی شیعرەکانییەوە، لە شایستەیی و هۆکاری پشت ئەم وەسفانە تێبگەین، کە لە بارەی زەینەب خانەوە نوسراون. ڕوناکبیری کورد (د. کەمال مەزهەر) دەنوسێت "زەینەب خانی خادم سوجادە، کە هەڵگری نازناوی (کچە کورد)ە، لە هەرەتی لاویمدا یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی ئەم خاتونەم لە گۆڤاری گەلاوێژ خوێندەوە و زۆر بە تاسەی دیداری ئەم شێرە ژنەی کورد بووم، دواتر ... چەند هەفتەیەکم مابوو سەفەری خوێندنم بکەم، بە دیداری گەورە ئافرەتی کورد زەینەب خانم گەیشتم. زۆری بە خێرهێنایین، هەستم بەوە

نەکرد، یەکەمجارە بە خزمەتی دەگەم، لەبەر زیرەکی و زرنگی و لێهاتویی، متانەیەکی زۆر خێرام پێی کرد، وەکو فەیلەسوف، قسەی بۆ دەکردین، ئەوەندە پڕ مەعریفەت و خوێندەوار بوو، تا ئەو ساتە شتی وام نەدیبوو". ( عەلائەدین :٢٠٢١: ٩). جگە لەوە، کەم نییە ڕۆشنبیر و کەسایەتییەکی دیاری وەکو مامۆستا (ڕەشاد موفتی) بڵێت: " ژنم نەدیتووە، قابیلییەتی زەینەب خانی هەبێ، لەحەلی مەشاکل و لە زانایی و دانایی، لە نوتق و مەعلومات و ڕۆشنبیری، لە هەر مەوزوعێکی موناقەشەم کردووە، ئەو لەو سەری هاتۆتەوە". (موفتی : ٢٠٢٠ :٦٩). لەو سەردەمەدا کە ژن کائینێکی نادیاری ناو واقیعی کۆمەڵگە بووە، ئەو کەسێکی دیار و چالاکی بوارە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکە بووە. پایەداری کەسایەتی ئەم شاعیرە، هەر بەتەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە کچی بنەماڵەیەکی خانەدان و ڕۆشنبیر بووە و خوشکی دڵداری شاعیرە، بەڵکو بۆ کەسایەتی و بیرکردنەوە و هۆشیاریی خۆی دەگەڕێتەوە. چونکە وەك ئەوەی ( د. کەمال مەزهەر) ئاماژەی پێداوە ئەو خۆی" - زەینەب خانم - ژنێکی لێوانلێو بوو لە ئینسانییەت و مەعریفەت، لە پایەیەکی هەرە بەرزدا بوو، نمونەی شکۆی ژنی کوردی نیشان دەدا، دەبێ هەوڵی ئەوە بدرێ، توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر بکرێت، تا بە جیهان بڵێین، ئەمەیە ژنی کورد، ئەمەیە توانا و لێهاتویی شارستانییەتی کورد."( عەلائەدین :٢٠٢١: ٩). کەواتە گرنگە لە سنوری وەسفکردنی یان نەفیکردنی، زەینەب خاندا نەمێنینەوە، بەڵکو بنەمای بیرکردنەوەی شیعرەکانی، سەنگی مەحەکی ئەم شایستە بوونەی بسەلمێنین!.

### ٢-٢. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی زەینەب خان، سەبارەت بە جیهانبینی شیعریی لە نێوان نەست و هزردا

بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی "زەینەب خادم سوجادە " شایەدی لەسەر پەیوەندیی بنچینەیی نێوان جیهانی شیعری و بیرکردنەوەی عەقڵی دەدەن. شاعیر هۆشیاریی بە بوونی شیعر هەیە لە مەسەلەی چییەتی و پێویستی ئەو شیعرەی لە قۆناغە مێژوییەکانی دامەزراندنی هۆشیاری نەتەوەییدا پێویستە. بەو پێیەی شاعیر بەشێکی زۆری شیعرەکانی سەرچاوە لە بیرکردنەوەیەکی هەمەکی و لۆجیکییەوە دەگرێت. ڕەخنە لە جۆرێکی تر لە شیعر دەگرێت کە تەنیا شیعری سایکۆلۆجین و بەرجەستەکەرەوەی واقیعە دیاریکراوەکانن. ئەو زمانەی لە زۆربەی شیعرەکانی شاعیردا هاتۆتەگۆ، زمانی لۆگۆسە. گوتنە شیعرییەکان لە ڕێگەی لۆگۆسەوە پەردە لە سەر بوونی ئەو شتانە هەڵدەماڵن، کە تەنیا دیوە ڕوکەشەکەیان دەبینرێت. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی بە درێژایی ماوەی ژیانی و تەنانەت دوای مردنیشی، لە لایەن شاعیر و نوسەرانەوە بە تایبەت ئەوانەی هاوسەردەمی خۆی، لە کاتی خۆیدا بە وتارێکیش باسی نەکەن و بێتە دەنگێکی نەبیستراو ، تەنانەت بەرامبەر چوونە قوتابخانەشی وەك یەکەم کچی کورد لە ساڵی ١٩٠٦ دا هەر بێدەنگی لێدەکرێت و وەک کەسایەتییەکی پەردە پۆشکراو دەمێنێتەوە. بێگومان ئەگەر شیعر و بیرکردنەوەکانی ئەم شاعیر و ڕۆشنبیرە، لە کاتی خۆیدا بڵاوبکرابایەوە، ڕۆڵی لە دامەزراندنی جیهانبینییەکی عەقڵانی و هۆشیارییەکی بنەڕەتیدا ، لە مێژوی ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردیدا دەبوو.

ئەگەر بەوردی سەرنجی شیعری" شاعیرانی کورد" بدەین، ئەوا دەبینین ئەم شیعرە و نمونە شیعرییەکانی تریشی، لە سەر دو پایەی گرنگی بیرکردنەوە دادەمەزرێن، ئەوانیش گومان و بیرکردنەوەی ڕەخنەییە. لەم شیعرەدا لەگەڵ ئەوەی شاعیر ڕەخنە لە جۆرێك لە شیعر و شاعیرانی سەردەمی خۆی دەگرێت، کە سەرچاوەی شیعرەکانیان نەست و چەپێنراوە غەریزەییەکانن، لە هەمانکاتدا بۆچوونی زەینەب خانمان بۆ ڕوندەبێتەوە سەبارەت بە چییەتی شیعر، هەروەها ئەو بنەما هزریی و لۆجیکییەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە سەرچاوەی هزریی شیعرەکەیە.

**شاعیرانی کورد هەمیشە باسی زوڵفی خاو دەکەن**
**هەر باسی تیری موژگان و نیگای مەستی چاو دەکەن**
**یەك دەڵێ جەرگم کون کونە و ، یەك دەڵێ پارە پارەیە**
**حاڵیان وەها پەرێشانە باسی تانجی و ڕاو دەکەن "دیوانی زەینەب خان: ٤٦"**

ئاشکرایە شاعیر لەم شیعرەدا ڕەخنە لە شاعیرانی کورد دەگرێت. بەڵام بۆچی ڕەخنە لە شاعیرانی کورد دەگرێت؟ لە وەڵامێکی بێ سەرنجی خێرادا دەکرێت بوترێت، چونکە وەک ئەوەی لە شیعری کلاسیکدا باوبووە، بابەتی شیعرەکانیان هەر باس و خواسی دڵدارییە. لە دێری یەکەمدا کاتێك دەڵێت (شاعیرانی کورد، هەمیشە باسی زوڵفی خاو و ... فلاَن شت و فلاَن شتدەکەن، ڕاستەوخۆ سەرنجمان دەکەوێتە سەر ئەو بابەتە باوانەی شاعیران باسیان دەکەن، وەکو تیری موژگان و نیگای مەستی چاو و... هتد، واتە ڕەخنە لە  شاعیرانی کورد دەگرێت، چونکە سەرقاڵی ئەو باسانەن، ئەمەش دێڕە شیعرەکەی حاجی قادرمان بە بیر دەهێنێتەوە،کە ڕەخنە لە شاعیرانی کورد دەگرێت و پێیان دەڵێت: " باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو، نەبڕایەوە بوو بە تڕی خوسرەو "( کۆیی: ١٩٨٦)

واتە ئەوەی لە هەنگاوی یەکەمدا دەبینرێت ئەوەیە کە ڕەخنە لە شاعیرەکان دەگرێت، لەوەدا هەموی ئەسیری دولبەرن.  ئەگەر ئەم دیدە باوەی خوێندنەوە لە بواری ئەدەبناسیدا بەمشێوەیە ئەم شیعرەمان بۆ شیبکاتەوە، ئەوا لە تێڕامانی ئۆنتۆلۆجیدا چەند بنەمایەکی ترمان بۆ دەردەکەوێت، لەوەدا کە هۆکاری پشت ڕەخنەکردنەکە لە جۆری بابەتە شیعرییەکەوە دەگەڕێنێتەوە سەر هۆکارە بنچینەییەکان.  سەرەتا دەبێت بزانین بۆچی ئەمجۆرە باسانە ڕەخنەی لێگیراوە؟ لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین لەبەرئەوەی شاعیرەکان باسی بابەتی دڵداری دەکەن و باسی نیشتمان و بابەتی کوردایەتی ناکەن. هەڵبەتە ئەم وەڵامە لە ڕوکەشدا دروستە، بەڵام وەڵامێکی سەرپێیە، چونکە هیچمان لە سەر بنەمای ئەو باسانە پێ ناڵێت کە بۆچی ڕەخنەیان لێگیراوە، واتە  لە ڕێگەی ئەم وەڵامەوە لە بری ڕۆشنبوونەوە، ئەو بنەمایە وندەبێت کە پرسیارەکەی لە بارەوە کراوە. لە لایەکی ترەوە ڕازیبوون بەم وەڵامە ڕێگە لەوە دەگرێت پرسیار لە بنەمای بیرکردنەوەی خودی پرسیارەکەش بکەین، چونکە دەشێت ئەم ڕەخنەیە سەرچاوە لە ئایدۆلۆژییای ناسیۆنالیستی ڕەخنەگرێکەوە بگرێت، کە لەبری بابەتی دڵداری، بابەتی تری پەیوەست بە پرسە نەتەوەییەکان دەخوازێت، لە هەمانکاتدا ئەم ڕەخنەگرتنە لە بابەتی دڵداری، دەشێت لە دیدی کەسێکی ئایینییەوە بێت و بیروباوەڕی حەرام و حەڵاڵی لە پشت بێت، یان هەر بیروبۆچوونێکی تر کە لە پشت دیدە ڕەخنەییەکانەوە دەوەستێت.

کەواتە دەبێت بپرسین سەرچاوەی ئەو جۆرە باسانەی لێرەدا ڕەخنەی لێگیراوە چییە؟ ئەگەر سەرنجی  دەستەواژەکانی( ئاخ و ئۆف، شیوەن و زاری، جەرگ کون کون و پارە پارەیی. حاڵ پەرێشانی) بدەین، دەبینین هەموویان چۆنایەتی حاڵەتی سایکۆلۆجی شاعیرانمان بۆ دەردەخەن.  هەموو ئەمانە تەنانەت ئەگەر ئەم دەستەواژانە پێچەوانەکانیشیان بەکارهاتبن، ئەوا دەرکەوتەی دۆخێکی سایکۆلۆجی خۆش یان ناخۆشن، چێژبەخشن یان ئازار بەخشن. هەموو ئەمانە یەك سەرچاوەیان هەیە، ئەو سەرچاوەیەش نەست و سایکۆلۆژییای کەسەکە یان شاعیرەکانن. ئەم پانتاییە سایکۆلۆژییە ڕەنگدانەوەی واقیعێکی دیاریکراوە، کە کاریگەریی لە سەر جەستە و نەست و باری دەرونی مرۆڤ دروستدەکات. ئەم  کاریگەرییە و دەرکەوتە سایکۆلۆژییەکانی کاتێك لە ڕێگەی تەکنیکی زمانەوە دەکرێت بە شیعر، دەکەوینە بەردەم

جۆرێك لە شیعر،کە بوونی لە ناو ڕەوانبێژی و یارییە زمانییەکاندایە، واتە بنەمای شیعرییەتەکەی بۆ چۆنییەتی داڕشتەی زمانەکەی دەگەڕێتەوە . ئەم پرۆسەیە بە شێوازێکی تر، پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی ئەم جیهانە دەرەکییەیە کە هەیە و خۆی لە بە شیعرکردنی بابەت و پەیامە ڕۆژانەیی و دەرکەوتەی حاڵەتە سایکۆلۆژییەکاندا دەدۆزێتەوە. لە ئەدەبیاتناسی مۆدێرندا ئەم واقیعە سایکۆلۆجییەی بابەتی پەیامەکەی دڵدارییە، یان ئایینییە یان نیشتمانییە، یان هەر بابەتێکی ترە، تەکنیکەکانی شیعرییەت دەیانکات بە شیعر، بەمەش شیعرییەتی شیعر، بە دیاردە زمانی و تەکنیکەکانی هونەری ڕەوانبێژی پێناسەدەکرێت. بڕوانە ( یاکوبسن: ٢٥-٢٧: ؟)

ئەگەر لەمەوە دوبارە سەرنجی گوتنی نیوە دێڕی یەکەم و دووەم بدەین ، ئەوا بنەمای جۆرێك لە شیعرمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە بنەماکەی لە سایکۆلۆژییای ئەوشاعیرانە دایە کە لێرەدا ڕەخنەیان لێگیراوە. واتە ڕەنگدانەوەی واقعێکی دیاریکراو و کاردانەوەی کۆمەڵێك حاڵەتی سایکۆلۆژییە لەسەر ئەوان. ئەمجۆرە لە شیعر دەبێتە لاپەڕەی وەسفکردنی کۆمەڵە شتێك، ئیدی کێشە نییە یا گرنگ نییە ئەو شتە چاوی دولبەرە یان شاخێکی نیشتمانە، زولفی یارە یان زولفی دەروێشە، نیگای مەستە یان بادەی مەستکەرە، تیری موژگانە یان پێکانی دوژمن و تیری کەوانە...هتد ، بەڵکو ئەوەی گرنگە لە بەردەم جۆرێك لە شیعر و شاعیردایین، هەمووان دەکاتە ئەسیری بابەتێك لەم بابەتانە، واتە لە بنەڕەتدا بنەمای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی زەینەب خان، کێشەکە لە جۆری بابەتەکەدا نابینێت، کە ئایا نیشتمانییە یان دڵدارییە، وەك ئەو دیدە ڕەخنەییەی لای حاجی قادر هەیە، بۆ ئەوسای شیعری کوردی، بەڵکو کێشەکە لە جیهانبینی ئەوسای شاعیرەکاندا دەبینێت، بەوەی لە لایەکەوە پەیوەستبوونییانە بە بابەتێکی دیاریکراوەوە ، لەلایەکی ترەوە پێیوایە ئەوەی لەمجۆرە لە شیعر دەکەوێتەوە هۆشیارییەکی باڵا نییە، بەڵکو چێژ و خۆشی سایکۆلۆژییە. لەبەرئەوەی ئەم بابەتە دەرەکییانە کاتێك دەست بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤدا دەگرن، مرۆڤ وەك کائینێکی ئازاد لە پەیوەندیدا نامێنێت لەگەڵ ئەوەدا کە وانەی عیشقی لە سەر دەخوێنرێ و فێردەکرێت.( گرەوی دەرسی عاشقی و قوماری دۆڕاو دەکەن.) (دیوانی زەینەب خان: ٤٦)

ئەوەی کە وانەی – (دەرس) وەک ئەوەی لە شیعرەکەدا هاتووە - لە سەر دەخوێنرێت، بوونی جیاوازە، لەوەی کە دەرسەکەی لەسەر دەخوێنێت. واتە عیشق وەك جەوهەر لە خۆیدا جیاوازە, لەگەڵ ئەو وانەی - دەرسەی - کە بابەتەکەی عیشقە، بوونی نیشتمان وەك جەوهەرێکی ئازاد جیاوازە، لەگەڵ ئەو بیروباوەڕ و وانە و باسانەی بابەتەکەیان نیشتمانە. واتە ڕەخنەی شاعیر، لە کرۆکی عیشق و کرۆکی ئەم بابەتانە نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ سەفسەتەی بابەتەکاندا هەیە، بەوەی هەموو ئەم بابەتانە وێنەی ئەو شتانەن کە ئێمە قەناعەت و باوەڕ لەبارەیانەوە پەیدا دەکەین و لەڕوی ئایدیۆلۆژییەوە مرۆڤ دەکەنە بەندەی خۆیان. کەواتە بەندایەتی کردنی هەر بابەتێك یان شتێك لە شتەکان، ئیدی ئەوشتە باش بێ یان خراپ، نیشتمان بێت یان دڵدار، بە دیوێکدا مرۆڤ دەخەنە ناو ئەو چۆنایەتیی و پەیوەندییە سایکۆلۆژییەوە، کە لە شیعرەکەدا ئاماژەی پێدراوە. بەمپێیە ئەوەی لێرەدا خراوەتەڕو لە لایەکەوە دەرخەری چۆنایەتی حاڵەتی سایکۆلۆجی شاعیرەکانن، لە لایەکی ترەوە دەرخەری ئەمجۆرە لە شیعرە، کە سەرچاوە لە بنەما سایکۆلۆجی و کارتێکەرە دەرەکییەکانەوە دەگرێت. بەڵام سەرنجدانێکی وردتر، لە سەرچاوەی ئەو کارتێکردنە سایکۆلۆژییە دەپرسێت، کە لێرەدا ڕەخنەی لێگیراوە. ئەم پرسیارە دەمانباتەوە سەر ئەوەی بزانین ویستی پشت ئەم شکستە سایکۆلۆجییە چییە؟ ئەم پرسیارەش لەوەدا ڕوندەبێتەوە کە بزانین ئامانجی پشت وانە خوێندنەکە چییە و لە پێناو چیدایە؟ لە پێناو چیداو بۆچی ئەمجۆرە لە کەس بە دۆخی ئەسیری و بەندایەتی کردنی ئەم شتە ڕازییە؟ ئەم شتە لە گوتنی ناو شیعرەکەدا زۆر بەوردی گوزارشتی لێکراوە. کە خۆی لە هەوەسبازی و لە ویستی ناو و ناوبانگدا دەدۆزێتەوە، ویست و ئامانجی پشت هەوەسبازییش چێژی جەستەیی و چێژی سایکۆلۆجییە، کە لێرەدا بە کاوێژی هەوەسبازی گوزارشتی لێدەکات.

**دەبێ میللەت حاڵی چی بێ؟ بە دەستی شاعیرانی وا**
**هەر کاوێژی هەوەسبازی و تەکەبووری ناو دەکەن**
**هەموو خۆیان پێ حەکیم و ئەرستۆی زەمانەیە**
**گرەوی دەرسی عاشقی و قوماری دۆڕاو دەکەن "دیوانی زەینەب خان: ٤٦"**

لە دێڕەکانی پێشودا لە ڕێگەی بابەتی باوی شیعرەکانەوە کە بابەتی دڵداری و دەرسی عیشقن، چۆنییەتی حاڵی سایکۆلۆژیی شاعیرەکانمان زانی. واتە بە جۆرێك لە جۆرەکان وەڵامی پرسیاری حاڵی شاعیرەکان چۆنن دراوەتەوە. کە خۆی لە شیوەن و ئاخ و ئۆف و کۆمەڵێك دەرەنجام و دەرکەوتەی سایکۆلۆجی دەدۆزێتەوە. پرسیاری ناراستەوخۆی چییەتی حاڵیشیان لە دۆخی ئەسیر بووندا وەڵام دەدرێتەوە. کەواتە کەسی ئەسیر- کە کۆیلەی شتێکە، هەمیشە حاڵی پەرێشانە و گوتنی پڕ هات و هاوارە. بەڵام کاتێك پرسیار دەخاتە سەر حاڵی میللەت، پرسیارەکە بە چی دەکات ناڵێت حاڵی میللەت چۆنە؟ بەڵکو دەپرسێت: ( دەبێ میللەت حاڵی چی بێ؟ بە دەست شاعیرانی وا) لێرەدا ئەگەرچی ئەم پرسیارە وەك پرسیارێکی سادە دەردەکەوێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم پرسیارە پرسێکی هێندە جدی و بنەڕەتییە، تاوەکو ئەمرۆش ڕۆشنبیری کوردی وەڵامی ئەم پرسیارەی نەداوەتەوە، کە ئایا شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد، لە چییەتی حاڵی ئێمڕۆی میللەت بەرپرسیارن یان نا؟ ئەم بێ وەڵامییە لەبەرئەوەیە، لەم بنەمایەوە ڕۆشنبیری کوردی بیری لە پرسێکی ئاوا بنەرەتی نەکردۆتەوە. ئەم پرسیارە کە پرسیارە لە چییەتی حاڵی میللەت، نەك چۆنییەتی گوزەرانی حاڵی، لە هەمان کاتدا پرسیارە لە دەرەنجامی ئەو کاریگەرییەی ڕۆشنبیری کوردی، لە سەر بیرکردنەوە و هۆشیاری کورد، بەجێیهێشتووە و بە جێیدەهێڵێت.

کردەی (کاوێژکردن) وەك وشەیەکی خوازراو بۆ خستنەڕوی دۆخێکی مرۆیی، لە ڕوکەشدا ئەگەر نەشیاو بێت لە جەوهەردا لۆجیکییە، چونکە ماناکەی بۆ ئەو بنچینەیە دەگەڕێتەوە کە کردەکەی پێناونراوە، هەر لەم بنچینەوە بۆ دۆخی مەبەست خوازراوە. (کاوێژکردن) دیاردە و کردەیەکە ئاژەڵ ئەنجامی دەدات، واتە کردەی هەندێ لە گیانەوەرانە نەك کردەیەکی مرۆیی، بەڵام ئەوەی حوکمی ئاژەڵ و جیهانەکەی دەکات چییە؟ ویستێکی سروشتی و غەریزەییە کە خۆی لە پڕکردنەوەی ئەو ویست و چێژانەدا دەدۆزێتەوە. ئینجا کردەی کاوێژکردن دوبارەکردنەوەی تیایە، واتە ئاژەڵەکە یەک شت هەیە و بەردەوام دوبارەی دەکاتەوە. کاتێکیش شاعیرەکان بەمجۆرە باس و خوازی دڵداری دەکەن، پێیوایە لە ڕوی جیهانبینی شیعرییەوە، بەرجەستەکردنەوەی جیهانێکی دوبارەیە.

واتە کاوێژکردن هەمان ئەو پانتاییە سروشتی و غەریزەییەیە کە حوکمی جیهانی ئاژەڵان دەکات، بەڵام لێرەدا ئامانج تەنیا پڕکردنەوە و دابینکردنی پێویستی سروشتییانەی ئەو غەریزەیە نییە، لە پێناو مانەوەی بونەوەرەکەدا، بەڵکو لە مرۆڤدا ئامانج چێژ بینین و چێژی زیاتر و زیاتریشە. بەمەش تەنیا مەسەلەکە بەوە کۆتایی نایەت کە لەگەڵ هەموو بە تاڵبوون و پڕکردنەوەیەکدا پێچەوانەکەی دەستپێدەکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە، کە ئەمجۆرە چێژانە لە بنەڕەتدا بێسنورن. کەواتە کاوێژکردنی هەوەسبازی لە چەند ڕویەکەوە بۆ هەمان ئەو بنەما لۆجیکییە دەچێتەوە کە لێرەدا لە دوبارە کردنەوەدا، هەماهەنگی واتایی دەسازێنێت.

ئەگەر ئەم کردەیە سەرچاوە لەو پانتاییە غەریزەیی و سروشتییەوە بگرێت، کە هەریەك

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp473-486

لە مانای کردەکە و مانا بۆخوازراوەکە پێی هەن، ئەوا هاوکات کاوێژی ئەم هەوەسبازییە خۆی لە چێژ و تێرکردنی ئارەزویەکدا دەدۆزێتەوە، لەپاڵ کاوێژی هەوەسبازی کاوێژی -تەکەبوری ناو- دێت، کە خۆی لە دەستخستنی ناو و ناوبانگدا دەدۆزێتەوە، ئەم ویستەش جۆرێکە لە چێژ وەرگرتن، لە هەستی خۆ بە گەورە زانین و هەستکردن بە دەسەلاتێکی ڕەمزی، بەرجەستە دەبێت. کەواتە لە تێڕوانینی شاعیردا جۆرێك لە شیعر هەیە،کە سەرقاڵە بە باس و خواسی دڵداری و وانەی عیشقی هەوەسبازییەوە، لە لایەکەوە وەسیلەی دەستگەیشتنە بە جۆرێك لە چێژ و ئارەزو، لەلایەکی ترەوە وەسیلەی دروستکردنی ناو و ناوبانگیشە، کە سەرچاوە لە هەستی خۆ بە گەورە بینین و خۆ بە شت زانینەوە دەگرێت. لەمەوە خۆی لێ دەبێتە ئەرستۆی زەمانە.

کەواتە ئەو شاعیرانەی لێرەدا ڕەخنەیان لێگیراوە و ئەو باسیان دەکات، هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە لە ئەرستۆ و حەکیم و داناکان، کەمترن یان بێ تواناترن، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بیرکردنەوەی هەریەکێکیان، لە دو جیهانی لە بنەڕەت جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن. واتە سەرچاوەی جیاوازییەکە لە جۆری کەسەکاندا نییە، بەڵکو لە جیاوازی نێوان جیهانی ئەو بیرکردنەوەدایە، کە حەکیمێک و شاعیرێکی لەمجۆرەی پێ جیادەبێتەوە. کەواتە یەکەم: لای زەینەب خان لەبنەڕەتدا کێشەکە لە خودی ئەو بابەتانەدا نییە، کە شاعیرەکان دەیانکەن بە شیعر، وەك ئەوەی حاجی قادر ڕەخنەی لێدەگرێت، بەڵکو کێشەی لەگەڵ بنەمای ئەمجۆرە لە دنیابینی و سەرچاوەی ئەم ڕۆشنبیرییەدا هەیە، کە سەرچاوەی هۆشیارییەکی بنەڕەتی نین،. لەبری ئەوە هەر بابەتێك لەو بابەتانە لە لایەکەوە کەسەکە لە ڕوی سایکۆلۆجییەوە دەکاتە ئەسیری شتەکە، لە لایەکی ترەوە بەرامبەر ئەمە لەگەڵ هەر دەست پێگەیشتن و فرسەتێکدا ، ئیمکانی هەیە کەسەکە ئەو شتە یان ئەو بابەتە بکاتە وەسیلەی چێژ و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی. ئیدی ئەو شتە یان ئەو بابەتە دڵداری و جوانی بێت یان هونەر، شۆڕش بێت یان نیشتمان، ڕۆشنبیری بێت یان ئایین و هەر بابەت و بەهایەکی تر بێت، چونکە لەم دۆخەدا مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ حەقیقەت و ماهیەتی ئەم بەهایانەدا نییە و سەرچاوە لە بەرپرسیاریەتێکی ئۆنتۆلۆجییەوە ناگرێت، بەڵکو سەرچاوە لەو ویستە سایکۆلۆجییەوە دەگرێت کە بوونی مرۆڤ دەکاتە کۆیلەی هەموو شتێك و هەموو شتێکیش دەخاتە خزمەتی چێژ و ناوبانگ و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی. هەڵبەتە ڕەخنەی زەینەب خان لە شیعری کلاسیك و شاعیرانی نوێخوازی سەردەمەکەی نییە، کە بەرهەمهێنەری مانا و جوانی و ئێستاتیکای بەرزن، چونکە لە حەقیقەتی هەستە قووڵ و باڵاکانی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن.

دووەم: واتە کێشەی ئەم دەنگە لۆجیکییە، کە لە دەنگی زەینەبدا شیعرییانە دێتەگۆ، لەگەڵ خودی شاعیرەکانی ئەو سەردەمەدا نییە، کە ئەو تێیدا دەژییەت، بەڵکو لەگەڵ وەهم و سێبەری ئەو بیرکردنەوەدایە، کە توانای ئەوەی هەیە لە ڕێگەی زمانەوە شتێك بە شتێکی تر پیشانبدات، وەك ئەوەی حەکیم نین و خۆیان پێ حەکیم و ئەرستۆی زەمانە بێت، ئەمەش هەمان ڕیشەی ئەو جەنگە سوکراتییەیە، کە لەگەڵ بیرکردنەوەی سێبەر دروستکەری سۆفستاییەکاندا هەیبوو. بوونی ئەمجۆرە لە دەنگ لە هەموو سەردەمێکدا بە هەڕەشەی سەر بیروباوەڕەکان و مەترسی سەر بەهای وێنە دروستکراوەکان دەبینرێت. ئەم دەنگە لۆجیکییە کە دەدوێت، یەقینی بەوە هەیە کە گوێی لێناگیرێت، گوێشی لێبگیرێت نابیسترێت، بەڵام ئەم دەنگە ئەوەی وەك بەرپرسیارییەتی گوتن لە سەریەتی هەر دەیدرکێنێت.

**تێبفکرن لە حاڵی کورد میللەتمان چەند داماوە**
**لە قسەی (زەینەب) دەتۆرێن رووتان وەرگێڕاو دەکەن**

بەمپێیە لە دوا دێردا شاعیر سەرەداوی ئەم ڕێگەیە دەداتە دەست شاعیرەکان، کە خودی تێفکرین و ڕێگای بیرکردنەوە خۆیەتی ، ئەو ڕێگەیەی ڕێگەدەدا لە وەهمی وازانین دەرچین و هۆشیار بەخۆبوونێکی ڕیشەیی بە کوردبوونی کورد چەکەرە بکات. بەڵام ئەو خۆی دەزانێت قسەکانی چونکە لە هەمان دنیابینییەوە سەرچاوە ناگرێت، دڵپەسەندی ئەوان نابێت، بۆیە لە قسەکانی دەتۆرێن و ڕویان لێی وەردەگێڕن، چونکە گوتنی لۆگۆس هەقە، سازشکار و دڵنەوا بەخشێکی ساختە نییە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا مایەی پرسیارە و هێشتا نادیارە ئەوەیە، ئایا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی زەینەب خان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا سەرچاوە لە ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوەوە دەگرێت کە بەشێك لە لێکۆڵەران یان خوێنەرانی پێیانوایە شیوعی بووە. ئەگەر پێیانوابێت، ئەم ئایدیۆلۆجیایە داینەمۆی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و دنیابینی شاعیر بێت، ئەوا کە شیعرە خوداناسییەکانی دەخوێنینەوە ، ئەم تێڕوانینە هەڵدەوەشێتەوە، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. بۆیە سەرچاوەی سەرجەم بیرکردنەوە ڕەخنەییەکانی شاعیر و تێڕامانە پەتییەکانی بۆ ئەو هۆشیاری و بەرپرسیاریەتییە بنەڕەتییە دەگەڕێتەوە، کە لە بەرامبەر وجودی مرۆییانەی خۆی هەیەتی. نەك بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو. بەڵام دەبێت بزانین لە تێگەیشتنی شاعیردا مەبەست لە بوونی مرۆیی و بەرپرسیارییەتییە ئۆنتۆلۆجییەکانی چییە؟

## ٣-٢. ئامانج لە بوونی مرۆڤ و بەرپرسیارێتییە ئۆنتۆلۆجییەکانی وەك بیرکردنەوەی شیعری

بەدەر لە ئەرك و بەرپرسیارێتییە دەرەکی و واقیعییەکان، ئینسان تاکە بونەوەرێکە بەرپرسیارییەتیی بوونی لە ئەستۆ نراوە، هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارییەتییە ناوەکییە پێویستی بە جۆرێك لە تێگەیشتن و هۆشیاری هەیە، جیاوازە لە تێگەیشتن و بەرجەستەکردنەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتییە نەریتی و کۆمەڵایەتییەکان. بۆ ڕۆشنبوونەوەی ئەم بەرپرسیارێتییە لە شیعری (ئینسان) ی زەینەب خان ورد دەبینەوە، چونکە گوتنەکانی ئەم شیعرە، دەرگای تێگەیشتن لە جۆرێك لە بەرپرسیارییەتی ترمان بۆ دەکاتەوە، کە مرۆڤ بەرامبەر وجودی مرۆییانەی خۆی لە سەریەتی، جگە لەوەی ڕاگیرکەر و بناغەی کۆی ئەو ئەرکە واقیعی و بەرپرسیاریەتیانەشە، کە مرۆڤ لە دەرەوەدا ئەنجامییان دەدات.

دێڕی یەکەمی شیعری (ئینسان) ئەگەرچی لە شێوەی پرسیاردا، دانەڕێژراوە، بەڵام ناڕاستەوخۆ دەماندانە دەست ئەو پرسیارەی لە چییەتی ئەو ئەرکە ئۆنتۆلۆجییە دەپرسێت کە بوونی مرۆڤییەتی مرۆڤی لەسەر بەندە. لەم گەڕانەوە بنچینەییەدا ئەو پرسیارەی لە بیرکردنەوەدا چەکەرە دەکات، ئەوەیە کە دەپرسێت ئەم بەرپرسیارێتییە بنەڕەتییەی مرۆڤ چییە کە بە درێژایی ژیانی لێیدەخوازێت هەڵیگرێت و چاوی لە سەر هەڵنەگرێت؟

**خودا کردوومی بە ئینسان، دەبێ دایما ئینسان بم**
**دەبێ بە هۆش و گۆشەوە خەریکی نەخشەی ژیان بم " دیوانی زەینەب خان: ٤٣"**

لێرەدا تێگەیشتن لە جۆرێکی تر لە بەرپرسیاریەتی مرۆڤ و ئەرکە ئۆنتۆلۆجییەکانی، پەیوەندی بە وەرگرتنی کۆمەڵێك ڕێنمایی و زانیارییەوە نییە، هەروەك چۆن پەیوەندی بە هەنگاوەکانی چۆنییەتی کردن و جێبەجێکردنێکی دیاریکراویشەوە نییە، کە لە وەرگرتنی هەر ئەرك و کارێکی تردا پێویستمان پێیەتی، بەڵکو پەیوەندی بەو پرسیارە بنچینەییانەوە هەیە، کە لە بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەپێچێتەوە. ئایا قەدەری هاتنە دنیای منێك وەك مرۆڤ بەسە بۆ ئەوەی هەتا ماوم وەك مرۆڤ بژیم؟ واتە ئایا دروستبوونمان وەك مرۆڤ کە قەدەرێکی سروشتی و ناچارانەیە، بەسە بۆ ئەوەی بتوانین گەواهی لەسەر

مرۆڤبوونی خۆمان بدەین و بەهۆیەوە هەتا مردن وەك مرۆڤ بژین و لێیەوە مرۆڤبوونمان پارێزراو بێت؟

هاتنە دنیای مرۆڤ لە دەستی خۆیدا نییە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە وەك مرۆڤ هەم، چونکە خودا وەك مرۆڤ دروستی کردوم و وەك شتێکی تر یان بوونەوەرێکی تر دروستی نەکردوم. واتە ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە ئاشکرایە کە هێزە دروستکەرەکەی گەردون، لە باشترین شێوەدا کە مرۆڤە دروستی کردوین. لێرەدا کارەکە کارێکی تەواوکراو و بڕاوەیە، بەوەی کاتێك مرۆڤ وەك مرۆڤ لە دایك دەبێت و دێتە ناو ژیانەوە، لە میانی ژیان و گەشە کردنیدا خودا لە مرۆڤەوە نایکات بە بونەوەرێکی تر، چونکە قەدەری ئەم بونەوەرە لەوەدا بڕاوەتەوە کە وەك مرۆڤ هەیە. کەواتە ئەوەی کە وەك مرۆڤ هەین، کارەکە لە لایەن هێزێکی سەروترەوە بە جێگەیاندراوە و تەواوبووە، بەمەش هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە و نەماوە، بەڵام ئەوەی کە وەك مرۆڤ لە دایك دەبێت و هەیە، واتە ئەو کارە تەواو بووە سەرو مرۆییەی کە لە بڕیاری ئەوە کەوتۆتەوە دەبێت من لە جەستە و شێوەیەکی دیاریکراودا وەك مرۆڤ بێمە ناو ژیانەوە و هەبم، لە دەبێتێکی تردا تەواو دەبێت و مرۆڤبوونەکەی دەسەلمێنرێت. ئەم تەواوبوونە بە مانای ئەوە نایەت نیوەی کارەکە کرابێت و نیوەکەی تری بە تەواونەکراوی بۆ مرۆڤ جێهێڵدرابێت، بەڵکو بە مانای ئەوە دێت کاری خولقێنەرەکە، لەوەدا کە کردومی بە مرۆڤ کارێکی تەواو بووە، بەڵام پێویستە ئەو مرۆڤەی کە هەیە، بە درێژایی ژیانی ببێت بە مرۆڤ و لە پرۆسەی تەواوکاری بوونی دابێت، جا دەتوانێت گەواهی بدات لەسەر ئەوەی کە وەك مرۆڤ هەیە و شتێکی تر نییە، بەوەی وەك ئەوەی شاعیر جەختی لێدەکاتەوە کە (دەبێ دایما ئینسان بم) ئەو ڕوداوەی کە بە درێژایی ماوەی ژیانی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەردەوام ڕودەدات و ڕوە و پێگەیشتن دەچێت، خۆی تەنیا لە گەشەسەندنە بایەلۆجییەکەدا نادۆزێتەوە، بەڵکو خۆی لە درێژەی پرۆسەی مرۆڤبوونی، دەردەخات.

ئەگەر وردتر گوتنی ناو دێڕە شیعرییەکە ببیستین، ئەوا لە وشەی "دایما" ئەوە ڕوندەبێتەوە ئەوەی کە وادەکات مرۆڤ لە ڕێگەیەوە وەك مرۆڤ شایەتی لەسەر بوونی تاکانەی خۆی بدات، کردنی کارێکی دیاریکراو نییە لە زەمەنێکی دیاریکراوی تەمەنیدا، بەڵکو پرۆسەی بوون و خولقانێکی بەردەوامە، هەموو ژیان دەگرێتە خۆ و تاوەکو ئەو دیو سنوری مەرگ دەڕوات. چونکە لە بوونی تاکانەی مندا ڕودەدات، تا ئەو کاتەی ئەم وجودە هەیە بەردەوامی هەیە، بەوەی ئەگەرەکانی دەرکەوتنی ئەم دەبێتە لە ئاشکرابوون دایە، کە دەبێتی هاتنەبوون و پێویستی دەرکەوتنی سات بە ساتی مرۆڤییەتی مرۆڤە.

فرمانی (دەبێ- بم) فرمانێکی دەرەکی نییە، بەڵکو فرمان و دەبێتێکی ناوەکییە سەرچاوە لەو هۆشیارییەوە دەگرێت کە مرۆڤ بە بوونی خۆی پەیدایدەکات. "دەبێ دایما ئینسان بم" بگۆی ئەم فەرمانە بوونی مرۆڤەکە خۆیەتی، لە هەمانکاتدا بەدیهێنەر و جێبەجێکاری فەرمانەکەشە، بەمە کارەکە تێناپەڕێت و بەسەر بەرکارێکی پاسیڤدا جێبەجێناکرێت. کاتێك بگۆی ئەم فەرمانە بۆ یەکێك لە سەرچاوە دەرەکییان دەگۆڕێت، بۆنمونە کۆمەڵگە یان ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو یان بیروباوەڕ و کەلتورێکی دیاریکراو، کاتێك پێمان دەڵێت "دەبێ ئینسان بیت" ئەوا نەك هەر داڕشتەی ڕێزمانی گوتنەکە و ڕاناوە کەسییەکە دەگۆڕێت، بەڵکو بنەمای گوتنەکە لە بنچینە ئۆنتۆلۆجییەکەی دادەبڕێت و لە بۆشاییدا دەمێنێتەوە. هەر بۆیەش دەکرێت جێبەجێکردنی ئەم ئەرك و داوایە، لە کردەوەیەکی وەهمی بەتاڵی بێ کرۆکیش بەجێ بگەیەنرێت، بەمەش کار و کردەوەکانی کەسەکە لە فۆرمی جێبەجێکردندا مرۆڤانە دەردەکەوێت، لەم ڕێگەیەوە خۆی بۆ ئەو سەرچاوەیەی لێیدەخوازێت - مرۆڤ بێت – مرۆڤانە دەردەخات ، بە بێ ئەوەی لە خۆیدا بەدەم دەبێتی ئەرکە ئۆنتۆلۆجییەکانی مرۆڤییەتی خۆیەوە چووبێت.

کەواتە لێرەدا "دەبێ دایما ئینسان بم" ئەوە خۆم دەبێتی ئەوە هەڵدەبژێرم ببم بەو مرۆڤە تاکانەی کە دەبێت ببم، یان نەبم. نەبوونم بە مرۆڤ بە مانای ڕازیبوون و کیفایەت کردن دێت بەو بوونە جەستەیی و بایەلۆجییەی کە هەمە. بوونە جەستەیی و بایەلۆجییەکەی مرۆڤ وەك هەر بونەوەرێکی تر تەنیا داوای مانەوە و خەو و خواردن و پڕکردنەوەی پێداویسییە جەستەیی و فیزیکییەکانی دەکات. بەڵام ئایا ئامانجی ژیان لە خەو و خواردن دایە کە ئامانجی هەر بوونەوەرێکی تریشە؟ ئایا مانای ژیان لە ویستی خۆشگوزەرانی و فەراهەم کردنی حەزە ناکۆتاکانیدا بەدیدێت؟ پێویستی بە دواداچوون بۆ ئەم پرسیارانە ، پەیوەستە بە پرسیارێکی بنەڕەتی ترەوە کە هەم پێشمەرجی بەدواداچوونێکی لەمجۆرەیە، هەم پێشمەرجی ئەم هاتنەبوونەیە کە مرۆڤییەتی مرۆڤ لێیەوە بە ئامانج دەگات، ئەم پرسیارەش ئەوەیە کە مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت بوونی من بۆ هەیە؟

**ئازاری هیچ کەسێ نەدەم، دڵی خەڵکی نەڕەنجێنم**
**وەزیفەی خۆم بە جێبێنم، کە نابێ دەستەوەستان بم**
**دەبێ بزانین بۆ دەژین، ژیان خەو و خواردن نییە**
**هەر خۆم کاتم بە فیڕۆدەم، دوایی مات و پەشیمان بم " زەینەب خان: ٤٣"**

هەمان ئەم وەزیفە ناوەکییەی لە دەبێتی نیوە دێڕی یەکەمدایە "خودا کردوومی بە ئینسان، دەبێ دایما ئینسان بم"، لە دێڕەکانی دواتردا ڕۆشنتر دەبێتەوە، کە خۆی لە بەجێگەیاندنی وەزیفە یان بەرپرسیارێتییە ئاکارییەکانی بوونی مرۆڤدا دەدۆزێتەوە، ئەمانیش هەموو ئەو کردە ئاکارییانە دەگرێتەخۆ، کە لێیانەوە مرۆڤبوونی مرۆڤ دەردەکەوێت و دەیسەلمێنێت.

ئەگەر هۆکاری پشت ئازاردانەکە یاخود ئازارنەدانەکە بۆ دڵرەنجان و دڵنەرەنجانی ئەویتر بگەڕێتەوە، ئەوا هەریەك لەمانە بۆ بنەمایەکی بنچینەیی تر دەگەڕێتەوە، کە ویستی ناهەقی نەکردنە. ئەمەش پەیوەندی بە بوونی مرۆڤ خۆیەوە هەیە لە بە جێهێنان و بە جێنەهێنانی ئەم وەزیفە بنەڕەتییەی- وەزیفەی خۆم بەجێبێنم- بەرامبەر بە جێگەیاندنی وەزیفە ئاکارییەکانی مرۆڤ بوونم، نابێت دەستەوەستان بم. لێرەدا ئامانجی بوون بە ئینسان، سەرچاوە لەم ویستەوە دەگرێت کە ئازادانە بەجێهێنانی وەزیفە بنچینەییەکانی مرۆڤبوون لە ئەستۆدەگرێت، ئەم ویستە لە هەمان کاتدا هۆشیارە بەوەی مرۆڤ کاتێکی دیاریکراوی لەبەردەستدایە بۆ بەجێهێنانی بەرپرسیاریەتییە بنەڕەتییەکانی، ئەمەش شایەتیدانە لەسەر ئەوەی، ئەوەی وەك مرۆڤ خولقێنراوە، تەنیا بە جەستە مرۆڤ نییە، بەڵکو لە کرۆکدا مرۆڤە.

لە دێڕەکەدا ئەوە ڕوندەبێتەوە، مرۆڤ کاتێك دەستبەرداری ئەرکە ئۆنتۆلۆجییەکانی دەبێت و لە دۆخی بوون بە - ئینسان دەردەچێت، ئەو کاتەی کە لە ژیانیدا لە بەردەستی دایە، دەیخاتە خزمەتی ویستە جەستەییەکانی و تەنیا بۆ خەو و خواردن و چێژە کاتییەکان بەفیرۆی دەدات، دوایی هەر خۆیشی خەمبار و پەشیمان دەبێت. "هەر خۆم کاتم بە فیڕۆدەم، دوایی مات و پەشیمان بم" ساتەوەختی کەوتنە ناو ئەم ماتەمە ئۆنتۆلۆجییە و پەشیمانییە ناوەکییە، ساتەوەختی چەکەرەکردنی پەیدابوونی هۆشیاربەخۆبوونی مرۆڤە بە بوونی خۆی، هەستکردن بەم ماتەمە، بۆ هۆکارێکی دیارکراوی دەرەکی و ڕوداوێکی نابەدڵی واقیعی ناگەڕێتەوە، هەروەك چۆن لێرەدا پەشیمانی، پەشیمان بوونەوەی مرۆڤ نییە لە کردن و نەکردنی کارێکی دیاریکراو، پەشیمانییە لەوەی ئەو کاتە زەمەنییەی کە هەیبووە و کە هەیەتی لە بری ئەوەی لە پێناو دامەزراندنی بوونە مرۆییەکەیدا بێت، لە شتگەلێکی تردا بە فیرۆی داوە، ئەو شتگەلەی هیچ مانایەك بە بوونە ئاکاری و

مرۆییەکەی نابەخشێت. چونکە هۆشیاری ئەم بوونە ئەگەر هێشتا بە تەواوی وەڵامی ئەو پرسیارەشی لەلا ڕۆشن نەبێت ئەو بۆ دەژیت و ئامانج لە هاتنەبوونی چییە؟ ئەوا ئەوەی لەلا ڕونە کە پێویستی ئەم زانینە دەبێتێکی حەتمی و بنچینەییە، "دەبێ بزانین بۆ دەژین"، لە هەمانکاتدا گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی"ژیان خەو و خواردن نییە". ویستی بەدەممەوەچوونی دەبێتی ئەم زانینە، لە پێناو ئاشکرابوونی ڕازی ئەو بنەمایەیە کە ئامانج لە هاتنەبوونی هەر تاکێك دیاریدەکات، ئامانج لە هاتنەبوونی من چییە؟ من بۆچی لێرەم؟ ئەم پرسیارە بنەرەتییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەك پرسیارێکی بنەڕەتی لە بیرکردنەوە شیعرییەکانی شاعیردا حزورێکی بەردەوامی هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەو هۆشیارییە عەقڵییەی وایکردووە لە گەڕانێکی شاقوولیدا بێت بۆ گەڕان بە دوای ئەو چییەتییەی مانا بە بوونی مرۆییانەی دەدات.

**من نازانم بۆچی هاتوومەتە بوون**

**بۆ دڵخۆشم بۆ خەمبارم بۆ زەبوون**

**ڕێگایەکە قەت ناگەمە کۆتایی**

**سەر دەرناکەم، چ لە بوون و لە نەبوون** **(زەینەب خان: چوارین،٢٥٥).**

شاعیر بە مانا عەقڵانییەکەی دامەزراندنی بوونە ئینسانییەکەی خۆی لا مەبەستە، بۆیە گەڕان و نیگەرانییە ئۆنتۆلۆجییەکانی جێگەی بایەخی بێ بڕانەوەیەتی. هەر ئەوەشە وایکردووە ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبێت لە دەرەوە وەك شاعیر دەردەکەوێت یان نا، وەك ڕۆشنبیرێك دەناسرێت یان نا؟ ئەم هۆشیارییە هێندەی عاشقی خۆناسین و هەڵدانەوەی لاپەڕە هەڵنەدراوەکانی وجودی خۆیەتی، هێندە عەوداڵی خۆناساندن و گەڕان بە شوێن دەستکەوتی ناو و ناوبانگی کۆمەڵایەتییەوە نییە. گەڕانی ئەو بوونەی هۆشیاری ویستی خۆناسینی لە پشتە، گەڕانێکی ئۆنتۆلۆژییە، بۆیە بیرکردنەوەیەکی شاقوولی و بنچینەییشی گەرەکە. تەنانەت کاتێك پرسیار لە چییەتی هەستە ناوەکییەکانی خۆی دەکات "بۆ دڵخۆشم بۆ خەمبارم بۆ زەبوون" لە خۆیدا بە دوای ئەو هۆکارە بنچینەییانەدا دەگەڕێت کە دەبنە هۆی کەوتنە ناو هەریەك لەم حاڵەتانەی ناوی بردون، ئەمەش بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەیەکی سەرەکیتر، کە خۆی لە ناسینی ئەو وجودە مرۆییەی لە هاتنەبووندایە دەدۆزێتەوە. بەرهەمی ئەم گەڕانە، دۆزینەوەی شتێك لە شوێنێکی دیاریکراودا نییە، بۆ جارێك ببینرێتەوە و پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوەکە کۆتایی پێبێت، بەڵکو پرۆسەیەکی دینامیکی زیندووە، هەموو ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. پرۆسەی کرانەوەی بوونی مرۆڤ لە دەرکەوتە ئاکاری و ئێستاتیکییەکانیدا شتێك نییە وەك قۆناغەکانی خوێندن لە ماوەیەکی دیاریکراودا بۆی نیگەران بین و لە کۆتاییدا بڕوانامەی بوارێك وەربگرین. ئەمجۆرە لە گەڕان سەرچاوە لە ویستی بەدەستهێنانی شتێکەوە ناگرێت تا لەدەرەوەی خۆماندا بە هەوڵ و ماندووبوونێك بە دەستی بهێنین، بەڵکو ئەمجۆرە لە گەڕان سەرچاوە لە هۆشیارییەکی باڵاترەوە دەگرێت، کە بە دوای ئەو مەعریفەیەدا وێڵە کە مانا بە بوونی مرۆییانەی مرۆڤ دەبەخشێت.

جا ئەگەر مرۆڤ لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ بنەمای عەقڵ، دەستی بەم هۆشیارییە بگات، کە بەرپرسیارییەتییە ئۆنتۆلۆجییەکانی پیشاندەدات، ئەی تێگەیشتنی شاعیر بۆ عەقڵ چییە و لە چیدا شوناسی خودی مرۆڤ دیاریدەکات؟ کە شاعیر بە (تەعریفی زاتی ئینسان) گوزارشتی لێدەکات.

### ٢-٤. عەقڵ – هزر- وەك شوناسی خودیی مرۆڤ

ئەو پرسیارەی دەپرسێت مرۆڤ بە چی مرۆڤە؟ یاخود دەپرسێت ئەو بنەمایە چییە کە مرۆڤ لە بونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە؟ یەکێکە لە پرسە فەلسەفییە گرنگەکانی مێژوی بیرکردنەوەی مرۆڤ . پێگەی مرۆڤ لەم پرسیارەدا بوونێکی تایبەتی هەیە، تەواو جیاوازە لەو پرسیارەی سەبارەت بە بوونی گەردون یان بوونی دیاردەیەك یان هەر بونەوەر و شتێکی تر دەیکات. ئەوەی جێگەی مەبەستە ئەوەیە پرسیارکردن لە بابەتێکی دیاریکراو، جیاوازە لە پرسیارکردنی مرۆڤ لە بوونی خۆی. کاتێك مرۆڤ پرسیار لە شتێك دەکات، هەمیشە نێوەندێك هەیە لە نێوان پرسکار و بابەتی پرس لەبارەکراوەوە، واتە کاتێك عەقڵ پرسیار لە گەردون و لە واقیع و لە شتێك لە شتەکانی دەوروبەری، یان شتێك لە شتەکانی دەکات کە خاوەندارێتی دەکات، ئەوا پرسیارەکەی سەبارەت بە شتێکە، بەمپێیە مەودایەك یاخود نێوەندێك لە نێوان پرسکار و پرس لەبارەکراوەکەدا هەیە، جا ئەم نێوەندە بەو وەڵامە -تەواو نەبوو- ە یان بەو زانیارییانە پڕدەبێتەوە، کە لە ئەنجامی ئەم گەڕان و بەدواداچوونەدا بەرهەم دێت و لە دەق زانستیی و لە بەرهەمی بوارە جیاوازەکاندا بەرجەستە دەبن.

لە فەلسەفەی نوێدا واتە دوای سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست،"ڕینییە دیکارت" بە دوای هەبوون و نەبوونی سەرچاوەی ئەو ڕۆشناییە ناوەکییەدا دەچێت کە دیاریکەری بنەمای هەبوونییەتی. دیکارت دوای ئەوەی لە ژیانیدا بیری بۆ چەندین زانست و بابەت دەکاتەوە، هەست دەکات هێشتا قاچی لە سەر زەمینێکی ناجێگیرە، بەمە هەست بە نادڵنیایی و ناجێگیری دەکات، بۆیە ئەمجارە دێت بیری بۆ بابەتێکی دیاریکراو ناکاتەوە، بەڵکو بیر لە خۆی دەکاتەوە، لەوەدا کە پرسی پرسکارەکە ڕو لە خودی خۆی دەکات، واتە پرسیار لەو هێزە دەکات کە توانای پرسیار کردن و توانای گومانی پێدەبەخشێت. لەمەوە دیکارت ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت ئەم هێزە پرسهێنەی لە ناویدا پرسیار دەکات و گومان دەکات، عەقڵ خۆیەتی، بۆیە لە مرۆڤدا ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەو هێزەیە کە گومان دەکات(لویس:١٩٨٢: ٣٠ -٣١). واتە ئەوەی بۆ ڕوندەبێتەوە عەقڵ ئەو هێزەیە هەم پرسکارە و هەم گومانکاریشە. کاتێکیش ڕوی پرس و گومان، لە بنەمای ئەو شتانە دەکات کە وادەبینرێت بوونی مرۆڤی لە سەربەندە، دەبینێت بوونیان هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام عەقڵ وەك منی بیرکەرەوە، لە بری ئەوەی پووچەڵ ببێتەوە، ڕۆشن دەبێتەوە، چونکە خۆی سەرچاوەی ئەو هێزەیە کە هاتووە لە ڕێگەی پرس و گومانەوە پووچەڵی بکاتەوە. لەمەوە ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت شوناسی مرۆڤ لە عەقڵدا ئاشکرادەبێت و بەدیدێت، بیرکردنەوەش تاکە ڕێگای گەڕانەوەیە بۆ گەیشتن بە خۆی و بە جیهانەکەی. لە هەمان بنەمای ئەم تێگەیشتنە لۆجیکییەوە، شاعیر لە شیعری " حوکمی عەقڵ" دا بێ دو دڵی پێماندەڵێت:

**ئینسان گەر عەقڵی بزرکرد، ئەو عەقڵەی خودا پێی داوە**

**ڕێگەی ڕاستی لێ وندەبێ، چونکە عەقڵی لە دەستداوە** **" دیوانی زەینەب خان: ٤٤"**

لە تێگەیشتنی گشتیدا شێتبوونی مرۆڤ بەڵگەی بزرکردن و لە دەستدانی عەقڵییەتی، کە ڕەنگە زۆرجار بە هۆی ڕوداوێکەوە بێت، واتە کاتێك بە کەسێك دەوترێت عەقڵی لە دەستداوە، یان عەقڵی بزرکردووە، بە مانای ئەوە دێت ئەم کەسە شێت بووە، بەڵام ئەوەی لێرەدا لە شیعری " حوکمی عەقڵ" دا هاتووە، جۆرێکی ترە لە بزرکردن. مرۆڤ، بە هۆکارێك لە هۆکارە بایەلۆجی و سایکۆلۆجییەکانی پشت شێتبوونی واقیعییانە، عەقڵی لێ بزر نابێت، بەڵکو لە دەستی دەدات. چونکە بزرکردنی عەقڵ کردەیەکی خۆکردە، بەڵام مرۆڤ کاتێك لە ژێر حوکمی بەرژەوەندی ویستە غەریزەیی و سایکۆلۆجییەکانیدا، پشت لە عەقڵ دەکات و ڕوی لێوەردەگێڕێت، بە مانای نائامادەیی و بزرکردنی عەقڵ دێت، چونکە ئەوەی هەیە لە ژێر حوکمی شتگەلێکی تری غەیری عەقڵ بەرێوەدەچێت. ئەوەی لەمجۆرە بزرکردنە دەکەوێتەوە، هەمان ئەوە نییە کە لە شێتبوون و لە دەستدانی عەقڵی کەسێك دەکەوێتەوە بە مانا بایەلۆجییە باوەکەی.

لێرەدا دەپرسین بزرکردنی عەقڵ وەك کردەیەکی خۆکرد ، کە سەرچاوە لە فەرامۆشکردنی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp473-486

تێڕوانینی عەقڵی و نائامادەیی حوكمەكانییەوە دەگرێت، لە بەرچی پێمان وابێت زیاتر هەرەشە لە ژیان دەكات و لە شێتبوونە واقیعییەكەی مرۆڤ مەترسیدارتر دەبێت؟ لە كاتێكدا ئەوەی لێرەدا مرۆڤ لە دەستی دەدات نە داب و نەریت و ڕێوڕەسمەكانی ژیانییەتی و نە لە دەستدانی دایك و باوك و نە لە دەستدانی هیچ شتێك لە شتەكانییەتی! تەنیا ئەوەی لەم بزركردنەدا وندەبێت ڕێگایەكە، ڕێگاكەش بە چاو نەبینرێت و شوێنیكی واقیعی نەبێت و ناونیشانێكی دیاركراویشی نەبێت مرۆڤ بۆی بچێت! "ڕێگەی ڕاستی لێ وندەبێ، چونكە عەقڵی لە دەستداوە" ئایا ئەوەی لە لە دەستدانی ئەم ڕێگایە دەكەوێتەوە چییە؟ دیوەكەی تری ئەو پرسیارە ئەوەیە، ئەگەر كەسێك ڕێگاكەی دۆزییەوە، ئەوەی لە دۆزینەوەی ڕێگەدا دەدۆزرێتەوە چییە و ئەوەشی بە هۆی نەدۆزینەوەی ڕێگاكە نادۆزرێتەوە چییە؟ واتە بە لە دەستدان و ونبوونی ئەم ڕێگایە مرۆڤ چی لێ ون دەبێت و لە ژیانیدا ئەوەی نایدۆزێتەوە چییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەر لە ناو درێژەی گوتن و بیركردنەوەی شیعری "حوكمی عەقڵ" دا دەمێنینەوە.

**عەقڵ دایكە، عەقڵ باوكە، عەقڵ ڕەوڕەوەی ژیانە**

**عەقڵ مەنبەعی مەعریفەی تەعریفی زاتی ئینسانە " دیوانی زەینەب خان: ٤٤"**

ئەوەی لێرەدا ڕۆشنە ئەوەیە عەقڵ وەك بنەمایەكی بنەڕەتی دیاریكەری ماهییەتی مرۆڤە، بەوەی كە شوناسی خودی مرۆڤی لە سەربەندە، بۆیە لە هەر خودێكدا نائامادە و بزركردنی ئەم بنەمایە یەكسانە بە ونبوونی خودی مرۆڤەكە خۆی، چونكە مانای عەقڵ وەك ئەوەی لە شیعرەكەدا ئاشكرا دەبێت ، بونێكی لە خۆدابوی زیندوی هەیە، هەم دایكی مرۆڤە، هەم باوكییەتی. واتە مرۆڤ زادەی ئەم دایك و باوكەیە. كەواتە ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەكی سروشتی بە ناچاری زادەی دایك و باوكێكی واقیعی و دیاریكراو بێت، لە خوێن و گۆشتی ئەوانەوە لە دایك ببێت، ئەوا لێرەدا بە دەر لەم دایك و باوكە و بەدەر لەم لە دایكبوونە بێ ویست و ناچارییە، مرۆڤ دەكەوێتە بەردەم هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردنی لە دایكبوونێكی ترەوە ، ئەویش هاتنەبوونی ئەو مرۆڤەیە كە دەبێت ببێت. لێرەدا ئەم هاتنەبوونە لە دایكبوونێكی عەقڵییە، چونكە عەقڵ هەم دایكییەتی و هەم باوكییەتی ، كەواتە ئەگەر مرۆڤ وەك هەبوویەك زادەی دایك و باوكێكی سروشتی و واقیعی بێت و لە ڕێگەی ئەم لەدایكبوونەوە وەك هەبوویەك جەستەی بێتە ناو ژیانەوە، ئەوا لە لە دایكبوونی عەقڵیدا مرۆڤ زادەی عەقڵی خۆیەتی، لەم لە دایكبوونەوە، مرۆڤ وەك كائینێكی سەربەخۆی جیاواز بوونی دەبێت.

وەك ئەوەی لە دێڕی یەكەمدا ڕونبوویەوە مرۆڤ بەرامبەر هەموو ئەوەی لە ئەستۆی بوونی دەنرێت و عەقڵ دەخرێتە بەردەم هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتییە بنەڕەتییەكانی، ئایا لە ڕاڤەی ئەم دێرەدا دەتوانرێت بوترێت: مادام خودا ئەو عەقڵەی بە مرۆڤ داوە، ئایا هەر خۆیشی هەڵی ناسوڕێنیت و بە پێی ئەوەی ناونراوە قەدەر نایخاتەكار؟ سەرە داوی وەڵامی ئەو پرسە لە دێڕی سێیەمدا ڕۆشندەبێتەوە :

**أمنت باللە دەزانم هەموو شتێ لە خواوەیە**

**ئەوەی عەقڵی نەخاتەكار، وەك كەر و گا لە دواوەیە " دیوانی زەینەب خان: ٤٤"**

لێرەدا ئەوەی لە پلانە گەردونی و خوداییەكەدا بە پێویست ڕودەدات و ناو نراوە قەدەر، لە بەردەم مرۆڤدا ڕێگرنییە، ڕێگای بوونە عەقڵییەكەی بگرێتەبەر یان نەیگرێتەبەر، واتە ئەوە هەڵبژێرێت كە بوونە ئینسانییەكەی لێیدەخوازێت یان تەنیا ئەوە هەڵبژێرێت كە ویستی هەموو بونەوەرەكانی تریشە. كەواتە نە حوكمە سەرو مرۆییەكە و نە حوكمە مرۆیی و كۆمەڵایەتییەكە، هیچیان ناتوانن عەقڵ بەو مانایە بخەنەكار، چونكە داینەمۆی ئەم خستنەكارە ناوەكییە تەنیا و تەنیا لە هەڵبژاردنی مرۆڤ و لە دەستی مرۆڤ خۆیدایە. لەمەوە پێماندەڵێت: "ئەوەی عەقڵی نەخاتەكار، وەك كەرو گا لە دواوەیە" ئەگەر سەرنجبدەین ئەو ناڵێت ئەوەی عەقڵی كار نەكات، بەڵكو دەڵێت ئەوەی عەقڵی نەخاتەكار، چونكە كاركردنی شتێك جیاوازە لە خستنەكاری، لەیەكەمیاندا كاركردنەكە دەشێت بە بێ هیچ ویستێك خۆكرد و سروشتی بێت، بەڵام لە دووەمیاندا كردەی خستنەكار ویستێكی ئازادانەی دیاریكراوی لە پشتە، بەبێ ئەم ویستە عەقڵییە ، شوێنەكان و سیستەمی پەروەردە و كەلتورە جیاوازەكان، ناتوانن ئەم دایك و باوكە بە ئاگا بهێنن. ئاگایی ئەم دایك و باوكە ناوەكییە لەوە دەپێچێتەوە منداڵەكەی ناوی چی وەردەگرێت و چی دەكات؟

تا لەم بنەمایەوە ڕەوڕەوەی ژیانی مرۆڤ بەرەوپێش بچێت مرۆڤ زێدەتر دەستی بە فەزیلەت و جوانییە شاراوەكانی خۆی دەگات، چونكە ویست و ئامانجەكانی عەقڵ ئامانجی باڵاترن، هەر ئەوە نییە كە ویستی ژیانی خۆشگوزەرانی جەستەیی هەموانە و ویستی هەموو كەرو گایەكیشە. " ئەوەی عەقڵی نەخاتەكار، وەك كەر و گا لە دواوەیە " بە كەرو گابوونی مرۆڤ تەنیا لەو هۆكارەوە نایەت كە مرۆڤ لە ژێر حوكمی ویستە جەستەییەكانیدا ژیان بكات، بەڵكو ئەمە دەبێتە هۆكاری چەقبەستی ژیان و دوبارەكردنەوەی ئەوەی كە هەبووە و ئەوەی كە هەیە. مرۆڤ لە ڕوی فیزیكیەوە با مرۆڤیش بێت، بە بێ ئاڕاستەكردنی ڕەوڕەوەی ژیانی ڕووەو ئامانجە باڵاكانی، جگە لەوەی ژیان و هۆشیاری مرۆڤ پەرەناسێنێت و لە خاڵیكدا چەقدەبەستێت كە ئامانجی تەنیا خۆشگوزەرانی و پڕكردنەوەی پێداویستییە ناكۆتاكانی جەستەی دەبێت، هەمیشە پێویستی بە گاوان و شوانیشە بۆ ئەوەی ئاراستە بە ژیانی بدەن و وەك ئەوەی دەیانەوێت بوونی ئاراستەبكەن. چەقبەستنیش لە كاتێكدا ڕودەدات كە ژیان سەرچاوە لەو بنەما زیندووە ڕۆحییەوە نەگرێت كە ژیان دوبارەناكاتەوە، بەڵكو ژیان بە مانا ڕاستەقینەكەی دادەهێنێت و دەیخاتە ناو نەخشە هەمەكییەكەی ژیانەوە.

بەڵام ئایا چۆنییەتی بەرێوەچوون و ئاراستەكردنی ژیان و هەڵسوكەوتی كەسێك لە ناو كۆمەڵگەیەكدا، كە ناونراوە كۆمەڵگەی كراوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو كەسە زادەی ئەم دایك و باوكەیە كە ڕێگە بە هاتنەبوونە عەقڵییەكەی مرۆڤ دەدات؟ ئەی ئەوەی ناونراوە كۆمەڵگەی كراوە و داخراو، هیچ پەیوەندییەكی بە عەقڵی كراوە و عەقڵی داخراوی مرۆڤەكانەوە هەیە؟ ئایا ئەم ناونانە لەبنەرەتدا گوزارشت لە نەریتە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان دەكات یان گوزارشت لە كراوەیی و داخراوی خودی عەقڵی تاكەكان دەكات؟ دیارە ئەم ناونانە بە پێی ڕاددەی هەبوون و نەبوونی ئازادییە سیاسی و كەلتوری و كۆمەڵایەتییەكان ناونراون كۆمەڵگەی كراوە و داخراو، ئەگەر نا عەقڵ گەر بزر نەكرابێت و ڕوی لێ وەرنەگێردرابێت، ئەوا هەر بە كراوەیی بوونی هەیە، چونكە عەقڵ لە خۆیدا بوونێكی داخراوی نییە، بەڵكو لە خۆیدا بوونێكی كراوەی زیندوی هەیە. ئەوە سیستەم و نەریتە كۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجیا دیاریكراوەكانن، كاتێك لەو بنچینە دینامیكییە عەقڵییە دوردەكەونەوە لە زیندوێتی و بەرەوپێشچوونی شاقووڵی دەكەون، بەوەی مرۆڤ ئەوەی هەیە بەپێی ویستی ناو بەرژوەندییەكانی، بەبێ بیركردنەوە پەیڕەویان دەكات و بەشێوەیەكی دوبارە درێژە بە گواستنەوەیان دەدات. كەواتە بۆ ڕۆشنبوونەوەی پرسیارەكانی سەرەوە دەبێت سەرەتا بزانین ئەوە كۆمەڵگە و شوێنەكانن عەقڵی مرۆڤ بەرەوپێش دەبەن؟ یان ئەوە عەقڵە خۆی و شوێنیش بەرەو پێشدەبات؟ بۆئەمە دەبێت لە دوایین دێڕی شیعری" حوكمی عەقڵ"وردببینەوە:

**ئەوەی عەقڵی كراوەبێ، لە هەموو شوێن دەچێتە پێش**

**دەبێتە تەبیبی زانا، بۆ زەخمی قەوم و خزم و خێش " دیوانی زەینەب خان: ٤٤"**

ئەوەی لەم دێرەدا گرنگە و مایەی تێڕامانە ئەوەیە كە وەڵامی پرسێكی گرنگمان دەداتەوە،

ئایا ئەوەی ناونراوە شوێنی دواکەوتو یان کۆمەڵگەی داخراو، یان ئەوەی ناونراوە شوێنی پێشکەوتوو کۆمەڵگەی کراوە، دەتوانن وابکەن عەقڵێك بەم مانایە بکەنەوە یان دایبخەن؟ ئەوەی لێرەدا ئاشکرا دەبێت ئەو ڕاستییەیە کە ئەوە عەقڵە بنەمای بەرەوپێشچوونی شوێنە، نەك بە پێچەوانەوە. چونکە ئەوەی عەقڵی کراوەبێ ، لە هەموو شوێن دەچێتە پێش" نەك ئەوەی لە شوێنی کراوەدا بێت عەقڵی دەچێتە پێش. کەواتە دنیادیدەیی و ژیانکردن لەو شوێنەی ناونراوە کۆمەڵگەی کراوە پێشمەرجی بەرەوپێشچوونی عەقڵ نییە. بەڵام لە تێگەیشتنی گشتیدا بۆ نمونە شوێنێکی وەك ئەوروپا پێشمەرجی بەرەوپێشچوون و کرانەوەی عەقڵە، چونکە بە پێی ئەم تێگەیشتنە ئەوە شوێنە وادەکات عەقڵ کراوە بێت یان داخراو. بەڵام بە پێی بیرکردنەوەی ناو ئەم گوتنە شیعرییە، سیستەم و هێزێکی دەرەکی و شوێنێك ناتوانێت وابکات عەقڵێك بیربکاتەوە یان بیرنەکاتەوە. بەمپێیە ئەگەر شوێنەکان نەتوانن وابکەن مرۆڤێك بە مانا ئۆنتۆلۆجییەکەی ببێت بە مرۆڤ، شوێن و بەربەستە کەلتوری و واقیعییەکانیش ناتوانن مرۆڤ لە بوونی ڕەسەنی خۆی بخەن، ڕێگربن لە بەردەم باڵاڕەوی ئەو هۆشیارییەی داوای لێدەکات دەبێت هەمیشە مرۆڤ بێت.

کەواتە هەر بەپێی بیرکردنەوەی گوتنە شیعرییەکە، شوێنەکان ناتوانن وابکەن، مرۆڤ خۆی بێت و - هەمیشە مرۆڤ بێت- وەك ئەوەی لە شیعرەکەدا هاتووە - دایما ئینسان بێت - یان نەبێت. ئەوە عەقڵە وادەکات مرۆڤێك بە مانا کرۆکییەکەی خۆی بێت و لەناو پرۆسەی هاتنەبووندا بێت. ئەم گوتنە شیعرییانەی (زەینەب خان) دەکرێت وەک مانفێستی ڕۆشنگەری و لە دایکبوونی ڕۆشنبیری عەقڵانیی کوردی، لە قەڵەمی بدەین، چونکە لە هەناوی زۆربەی شیعرەکانیدا ( بڕوانە: دیوانی زەینەب خان: ٢٠١٨: شیعرەکانی: حوکمی عەقڵ، ئیدراك، دیسان بیربکەوە، ئینسان، جەهل مەرگە، بیربکەوە و بیربکەوە، ترس لە جەهل..) ڕۆشنایی ڕۆشنگەری دەدرەوشێتەوە، چونکە بەر لە هەر شتێك "ڕۆشنگەری، هاتنە دەرەوەی مرۆڤە لەو کاڵفامی و کەمتەرخەمی و پەککەوتنە عەقڵییەی کە مرۆڤ خۆی لێی خەتابارە.- Aufklärung ist der Ausgang des Menschen- کەمتەرخەمی و پەککەوتنی عەقڵی، حاڵەتی ئەو مرۆڤەیە کە ناتوانێت بەبێ ڕێیەریکردنی –ohne Leitung eines anderen - کەسانی تر پێشوازی لە عەقڵی -seines Verstandes - خۆی بکات. ئەم کەمتەرخەمییە و پەککەوتنە عەقڵییە، لە ناو خودی مرۆڤ خۆی ڕوودەدات و هەر خۆیشی لێی بەرپرسیار و خەتابارە، چونکە هۆکارەکەی بۆ کەمی عەقڵ - Mangel des Verstandes - ناگەڕێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە نەبوونی بڕیاردان و نەبوونی ئازایەتی لە بەجێهینانی بڕیاردا، کە خۆی بەبێ ڕابەرایەتیکردنی ئەوانی تر، پێشوازی لە عەقڵی خۆی بکات. بۆیە "ئازایەتیت هەبێت -Habe Mut - بۆ پێشوازیکردن لە عەقڵی تایبەتی خۆت" -deines eigenen Verstandes zu bedienen-. بەمشێوەیە هەر ئەمەیە دروشمی ڕۆشنگەری." ( kant: 2016: 5 )

## ٢-٥ . عەقڵ و ژیان

عەقڵ ژیانمان پێدەدات، یان ژیان عەقڵمان پێدەدات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەشێت تای یەکێك لە تەرازووەکان، بە شێوەیەکی سەرپێیی وەك وەڵامێکی حازر بەدەست هەڵبژێرین. بەوەی لەلایەکەوە بڵێین عەقڵ ژیانمان پێدەدات، چونکە عەقڵ وەك ئەوەی پێشتر ڕونبوویەوە سەرچاوەی شوناسی خودی مرۆڤ خۆیەتی. هەڵبەتە ئەم وەڵامە هیچمان لە سەر مانای ژیان و عەقڵ پێناڵێت، بەڵکو وەك وەڵامێکی حازر بەدەستی بێ بەڵگە دەیخەینەڕو. جگە لەوەی بەرامبەر ئەم وەڵامە دەتوانین بڵێین، نەخێر خودی ژیان عەقڵمان پێدەدات و هەر ژیانیش مرۆڤ فێر دەکات، هەر لە بەرئەوەشە لە ڕوانگەی گشتیدا مرۆڤە بە تەمەنەکان بە کەسانی عاقڵتر دادەنرێن بە بەراورد بە کەسانی گەنج و بێ ئەزمون. لەم تێگەیشتنە گشتییەدا لەلایەکەوە عەقڵمان یەکسان کردووە بە ئەزمونی ژیانە پراکتیکییەکەی مرۆڤ، لەلایەکی ترەوە ئەگەر پێمانوابێت لە ئەزمونەوە مرۆڤ عەقڵ وەردەگرێت، ئەوا دەبێت بپرسین ئەوەی سەرچاوەی ئەزمونەکەیە چییە؟ بۆچی بوونەوەرەکانی تر لەگەڵ ئەم هەموو ئەزمونە سەختەی لە ژیاندا دەیبینن، ناتوانن عەقڵ لە ئەزمونەکانی ژیانییان وەربگرن؟ لەبەر ئەو هۆکارە سادەیەی پێماندەڵێت ئەزمونەکانی ئەوان سەرچاوە لە عەقڵەوە ناگرێت و سەرچاوە لە کۆمەڵێك پەرچەکردار و پێداویستی ناو ژیانە بایەلۆجی و سایکۆلۆجییەکانەوە دەگرێت، کە بوونەوەرێکی وەکو مرۆڤیش بە جۆرێك لە جۆرەکان تێیدا هاوبەشە.

وەك ئەوەی لە کۆتا دێڕی نمونە شیعرییەکەی پێشودا خرایەڕو، عەقڵ بە چارەسەری دەرد و کێشە گشتییەکانیش دەزانێت، واتە ئەو مرۆڤەی زادەی ئەم دایك و باوکە لە خۆدابوەیە، هەر ئەم کەسە بیرکەرەوە دەبێتە (چارەسەرکار- پزیشك- تەبیب) بۆ برینی (زەخمی قەوم و خزم و خێش). بەمپێیە ئەوەی وادەکات ئەو کەسە لەڕێگەی دانایی حیکمەتی تەبیبییەکەیەوە، دەرد و کێشە بنەڕەتییەکانی نەتەوە چارەسەر بکات، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە ئەم کەسە کەسێکی بە ئەزمونە، یان کەسێکی زیرەك و شارەزا و پسپۆڕە، بەڵکو بۆ ئەم بنەمایە دەگەڕێتەوە، کە لە دێری پێشتردا جێگیری دەکات، لەوەدا کە چارەی هەموو دەرد و برینێك لە خۆیدایە. بەمپێیە خودی کەسەکە، واتە تەبیبی زانا چارەساز نییە، بەڵکو تەبیبی زانا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ عەقڵ و حیکمەتەکانی چارە دۆزە، چونکە ئەوە عەقڵ خۆیەتی، هەتوانی هەموو برینێکە و هەموو دەردێکیش چارەسەر دەکات، بەوەی کە :

**عەقڵ ئیمانت پێدەدا، عەقڵ ژیانت پێدەدا**

**بۆ برینی هەموو دەردێك عەقڵ هەتوانت پێ دەدا " دیوانی زەینەب خان: ٤٤"**

ئەگەر وەك ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر بە پێی دێڕە شیعرەکە ، عەقڵ بە بنەمای ئیمان و ژیان بزانین، پێمانوابێت ئەوە لۆجیکە، کێشە و برینە تاکەکەسی و نەتەوەییەکانمان چارەسەر دەکات، بەو واتایەی ئەگەر پێمانوابێت لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ژیان خۆی، کە عەقڵە، دەرمانی هەموو ئەو دەردانە دەدۆزرێتەوە، کە مرۆڤ لەبەریەککەوتنی سایکۆلۆجی و ململانێی ویستە مادییەکانی توشی بووە و دەبێت، ئەی بۆچی ئاوا بە ئاسانی بۆ ئەو دەرمانە ناچین؟ مرۆڤ بۆ چارەسەری کێشەکانی جۆرەها ڕێگە دەگرێتەبەر، تەنانەت ئەگەر ئەم ڕێگەیە کوشتار و خوێن ڕشتنیشی لێبکەوێتەوە، بۆچی وەك ئەوەی لە دێڕەکەدا بەم سادەیی و ئاسانییە ئاماژەی پێدراوە بە هەمان ئاسانی بەرەو ئەم هەتوانە ناچین؟ چونکە ئەوەی هێشتا بە وردی بۆمان ڕوننەبۆتەوە ئەو پرسیارەیە کە دەپرسێت جەوهەری عەقڵ لە چیدا دەدرەوشێتەوە؟ ئەم هزرە بیرکەرەوەی لێرەدا هاتۆتەگۆ و پێماندەڵێت، بۆ برینی هەموو دەردێك عەقڵ هەتوانت پێدەدات، بەرجەستەبوونی مانای عەقڵ لە چیدا دەبینێت؟ مەبەست لەمجۆرە لە ئیمان چییە کە عەقڵ پێماندەدات؟ مەبەست لە چەمکی بەرفراوانی ژیان چییە و ماهییەتی ئەمجۆرە لە ژیان کە سەرچاوە لە عەقڵەوە دەگرێت لە چیدا دەردەکەوێت؟

ئەگەر بە وردی بە دوای ئەم پرسیارانەی سەرەوە و هەر پرسیارێکی تردا بچین، ئەوا دەبێت سەرەداوی تەونی چنراوی شیعرەکان بمانبەنەوە سەر ئەو بناغەیەی ماهییەتی بیرکردنەوە بنچینییەکانی، بەبێ لێکدژی، لە کۆی گوتن و بیرکردنەوە شیعرییەکانیدا دیاریدەکات، ئەو کاتە دەتوانین تۆکمەتر ئەوە بسەلمێنین کە (زەینەب خان)، وەك ڕۆشنگەرێك خاوەنی بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی و ڕیشەییە، بەوەی وەك ڕۆشنگەرێك بە شێوەیەکی شاقووڵی بیر لە هەر یەك لەم پرسانە دەکاتەوە کە بوونێکی ڕاستەقینە بە

ژیانی گوتنە شیعرییەکانی دەبەخشن. ئەمەش دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەو وەك ڕۆشنگەرێك، ناکەوێتە ناو سەفسەتەی بیروباوەڕەکان و زەخرەفەی دروستکردنی شیعر و وشەبازییەوە، بەڵکو کۆی وشە و مەبەستە شیعرییەکانی دەچنەوە سەر یەك بنەما و یەك جیهانبینیی دیاریکراو، بۆیە ئەم بنەمایە وەك بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی، شیعرییانە لە کۆی دەربڕینە جیاوازەکانیدا دەردەکەوێت و هەنگاو بە هەنگاو ڕۆشنتر دەبێتەوە. لەمەوە دەتوانین سەرەداوی بەدواداچوون بۆ ئەم پرسانەی سەرەوە، لە شیعرێکی تردا بگرینە دەست و وردتر بە دوای ئەم بناغە فکرییەدا بچین، کە تەونی چنراوی بیرکردنەوەکانی لەسەر هەڵدەچنێت.

شاعیر لە دوایین دێڕەکانی شیعری" لەرێی ئازادی" دا ئەو سەرەداوەمان دەداتە دەست کە بۆ ئەم بە دواداچوونە پێویستە، بەوەی ماهیەتی ئەمجۆرە لە ژیان دیاریدەکات کە لە شیعری "حوکمی عەقڵ" پێیاندەڵێت: "عەقڵ ئیمانت پێدەدا، عەقڵ ژیانت پێدەدا" دیارە لێرەدا مەبەست لە چەمکی ژیان واتایەکی دیاریکراوی هەیە، نەك گشتی و زەمەنی، لەوەدا بە مانای ئەو ژیانە نایەت کە کۆی بونەوەرەکانی تریش پێی دەژین، بەڵکو مەبەست لە ژیانێکی دیاریکراوە، ئەو ژیانەش تەنیا وجودێکی دیاریکراو ئیمکانی هەیە پێی بژیت، کە مرۆڤە. جا ئەگەر "حوکمی عەقڵ" ئەو هێندەیەمان پێ بڵێت، ئەوا لە دوایین دێڕەکانی شیعری " لە ڕێی ئازادی" دا پێناسی ئەو مرۆڤەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە شایستەی مەدالیای جوانی گەردنی ئەمجۆرە لە ژیانە.

**میدالی جوانی گەردنی ژیان**
**پڕ لە یاقووتی گەوهەری ئیمان**
**بۆ ئەو کەسەیە لە ڕێی ئازادی**
**مەرگ و مردنی نەیەتە یادی " دیوانی زەینەب خان: ١١٦"**

مەدالیای جوانی، کە پڕە لە یاقوتی گەوهەری ئیمان، وەك گەردانەیەکی تایبەت یان مەدالیایەك، لە گەردنی ژیاندا وەسفکراوە، لە هەمانکاتدا خودی ئەو ژیانە جوان و چاکەیە، کە لە یاقوتی ئەو گەوهەرانە هۆنراونەتەوە کە بەهای ڕاستەقینە بە خودی ژیان دەبەخشن. لێرەدا یاقوت و گەوهەر وەك دو وشەی هاوواتا نەهاتوون، بەڵکو ئەم مەدالیایە لە کۆمەڵێك یاقوت هۆنراوەتەوە کە بریتین لە جەوهەری ئیمان، مەبەست لە جەوهەری ئیمانیش، خودی ئیمان یان هەبوونی بیروباوەڕێکی ئایینی دیاریکراو نییە، بەڵکو دەبێت جەوهەری ئیمان، حەقیقەتی کۆی ئەو بەهایانە بگرێتەوە، کە سەرچاوە لە عەقڵەوە دەگرن و هەریەکەی وەك گەوهەرێك لە گەردنی ژیانی مرۆڤێکی دیاریکراو دایە.

کەواتە ئەو مەدالیایەی لە گەردنی ژیان خۆیدایە، ناکەوێتە گەردنی هەمموو کەسێکەوە، کە زیندووە و لە ژیاندایە، بەڵکو تەنیا شایستەی مرۆڤی ئازادە و بۆ ئەو کەسەیە ژیان و مەرگی لە ڕێی ئازادی دایە. بەمپێیە ئەم مەدالیایەی ناوی جوانییە و لە گەردنی ژیاندایە، خودی ئەو ژیانە مرۆییانەیە تەنیا ئەو مرۆڤانە پێی دەژین، کە بوونیان لە پێناو ئازادی دایە و بە مەرگیش بێت پارێزگاری لە بوون و بیرکردنەوەی ئازادانەی خۆیان دەکەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت هەموو ئەو کەسانەی بە جەستە لە ژیاندان، مەرج نییە مەدالیای جوانییان لە گەردندا بێت، واتە مەرج نییە بەم ژیانە ئاکاری و جوان و چاکە بژین، کە عەقڵ بە مرۆڤی دەدات و ئازادی جەوهەرەکەی دیاریدەکات، چونکە ئەو ژیانەی لێرەدا جێگەی مەبەستە ئەو ژیانە بایەلۆجییە نییە، کە هەر زیندەوەرێکی تر پێی دەژیت، هەروەك چۆن ئەو ژیانە پڕ هەڵبەز و دابەزەش نییە، کە سەرچاوە لە دۆخە سایکۆلۆجی و بیروباوەڕە دیاریکراوەکانەوە دەگرێت و دەمانکات بە کۆیلەیەکی سوغرەکێش.

**تاکەی سوغرەکێش ڕەنجبەری خەڵکی**
**عەقڵت بێ، عەقڵە گەوهەری ژیان " دیوانی زەینەب خان: ١٦٢ "**

هەر لە بنەمای ئەم تێگەیشتنەوە وەك ڕۆشنگەرێك ، گومان دەخاتە سەر بینین و بیستن و قەناعەتە وەرگیراوەکان. پێویستی گەڕانەوە بۆ بیرکردنەوە لەو ژیانە دەرەکییەی کە لە واقیعدا لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە بۆمان دەگوازرێتەوە، بە پێویستییەکی حەتمی دەزانێت، بۆ ئەوەی حەقیقەتی ئەو شتەمان بۆ ئاشکرا ببێت کە لە وادەرکەوتن دایە.

**هەر کەسێ هات**
**فووی کردە خۆی**
**چەکۆشی خستە ناو دەست و**
**داسیشی خستە سەرشانی**
**ئەبەد باوەڕی پێ مەکەن**
**درۆ دەکا و**
**تەسلیم دەبێ بەئاسانی**
**ئەوەی دەتوانێ شت بکات**
**تێفکرین و عەقڵی سەرە**
**نەچەکوشە، نەداسە، نەخەنجەرە " دیوانی زەینەب خان: ٢٤٣"**

ئەم گومانە ڕیشەییەی لێرەدا هەیە، لە ڕوی بنەماوە بۆ هەمان ئەو گومانە فەلسەفییە دیکارتییە دەگەڕێتەوە کە دیکارت لە کتێبی (بنەماکانی فەلسەفە) دا ڕونیدەکاتەوە، لەوەدا کە پێیوایە ، دەبێت گومان لە هەموو ئەو بیروڕایانە بکەین، کە پێشوەختە حوکمییان لەسەر دراوە و -دەدرێت-، بێ ئەوەی هیچ قسەیەکمان لەبارەیانەوە هەبێت، لە ساتە وەختی لە دایکبوونمانەوە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانمانەوە وەریاندەگرین. چونکە هەستەکان زۆرجار مرۆڤ بە لاڕێدا دەبەن، هەر بۆیە ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بۆمان دەگوازرێتەوە، پێویستی بە تێڕامانی ڕەخنەگرانە و بیرکردنەوە هەیە (Descartes :2005:11-12). هەر لەم بنەمایەوە شاعیر بەرەو بیرکردنەوە بانگهێشتمان دەکات، چونکە تەنیا لە ڕێگەی هزر و بیرکردنەوەی ڕەخنەییەوە، دەتوانین پەردە لە سەر ڕوخساری ئەو واقیعە لابەرین، کە نائاگایەنە لە ڕێگەی نەریت و هەستەکانمانەوە بۆمان دەگوازرێتەوە. لەم بنەمایەوە هەنگاو بە هەنگاو ئەم مرۆڤە هۆشیارە لە عەقڵ ی خۆیەوە لە دایك دەبێت، کە شاعیر پێیوایە هەم دایکییەتی و هەم باوکییەتی. بە بێ ئەم لە دایکبوونە سەروو هەستەکی و نافیزیکییە، ناتوانین بە هۆشیارییەوە، ڕێگەی ژیان ببڕین.

**" گەر عەقڵت نەبێ ئەبەد تێناگەی**
**هەر ڕێگا ببری و بڕۆی پێ ناگەی" " دیوانی زەینەب خان: ٢٤٩"**

ئەم بانگهێشتەی شاعیر سەرچاوە لەم هۆشیارییەوە دەگرێت، کە بە مەترسی ڕاستەقینەی سەر بوونی نەتەوەیی کورد و واقیعی دەوروبەرمان هەیەتی. لە بنەمای ئەم هۆشیارییەوە، پێیاندەڵێت:" ئەی کوردینە جەهل مەرگە خەجاڵەت بەم تاوانە خۆم" (جەهل مەرگە: دیوانی زەینەب خان: ٦٩"

**مەترسی هەمووومان**
**گەورەترن**
**لەو ترسانەی ڕۆیشتن**
**لەو ترسانەی تێپەڕین**
**بەڵێ مەترسی ئێستامان**
**کەڕ بوونە لە گوێیان**

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp473-486

**کوێر بوونە لە چاومان**
**مەترسی ئێستامان**
**جەهلە جەهل " دیوانی زەینەب خان: ٢٠٣"**

لێرەدا شاعیر لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە، دەکرێت ئەم مەترسیيانەی دوژمن دەیخستە سەر بوونە ماددی و جەستەییەکەی ئێمە تێپەڕبووبن یان بەسەرچن، بەڵام مەترسییەکی تر هەیە، گەورەترە لەو مەترسیيانەی دوژمن لە سەر جەستەی نەتەوەییمان دروستی دەکات، ئەویش جەهلە بە بوونی تاکانەیی خۆمان و بە بوونی نەتەوەییمان، کە بەرهەمی خۆنەناسین و هۆشیار بەخۆنەبوونە. لێرەدا ئەگەر بمانەوێت لە هەمان بنەماوە، ڕۆژگاری ئێمڕۆی پێ بخوێنینەوە، ئەوا دەڵێین گەورەتر لەو مەترسیيانەی لە سەر قووت و ژیانە ماددییەکەی ئێمەیە، ناهۆشیاریی و جەهلە بە بەرپرسیاریەتییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بوونمان. ئەم مەترسییەش بە تەنیا هەڕەشە لە بوونی مرۆییمان ناکات، بەڵکو سەرچاوەی ئەوەشە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەهاکان و سەراپای بوارەکانی ژیانی ئێمە گەندەڵ دەکات، ئەم ناهۆشیارییە وجودییە، لە پشت گەندەڵبوونی کۆی بوراەکانی کۆمەڵگە دایە، نەك هەبوون و نەبوونی ماددیی یان دەستگەیشتن یان نەگەیشتن بە بابەتێکی دیاریکراو. لەمەوە پێمانوایە بیستنی ئەم دەنگە لۆجیکییە ڕۆشنگەرە فەرامۆشکراوانەی ناو ڕۆشنبیری کوردی، پێویستییەکی حەتمی ناو کایەی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ژیانی ئەمڕۆمانە.

تا ئێرە لە ڕێگەی نمونە شیعرییەکانەوە پەیوەندییە ڕیشەییەکانی نێوان بیرکردنەوە و شیعرمان بۆ ڕونبوویەوە، ئەو بنەما هزری و لۆجیکییانەمان خستەڕو، کە شاعیر شیعرییانە گوزارشتییان لێدەکات، ئەگەرچی بەشێکی زۆری نمونە شیعرییەکانی تری شاعیر دەچێتەوە سەر ئەم بنەما هزرییە، بەڵام لەبەر مەودای توێژینەوەکە بواری بەڵگەکاری زیاترمان نییە. وە دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، ئەم بنەما هزرییەی دیاریکەری زۆربەی شیعرەکانییەتی، بە مانای ئەوە نایەت (زەینەب خان) تەنیا گرنگی بە بنەما عەقڵانییەکان دابێت و گرنگی بە هەستە باڵاکان و هەژانە ئێستاتیکییەکانی بوونی مرۆڤ نەدابێت. بە پێچەوانەوە عیشق بە مانا باڵا و مرۆییەکەی، بە زەمینەی هۆشیار بەخۆبوون و خۆناسینی مرۆڤی دەزانێت، کە هەریەك لەم بابەتانە پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی تایبەت و بەدواداچوونی زیاتر هەیە.

## ئەنجام :

١- لە ڕوی بنەمای فکرییەوە پەیوەندییەکی تەواوکاری و زەمەنی و لۆجیکی، لە نێوان شیعرییەکانی زەینەب خاندا هەیە، جگە لەوەی نمونەکان، گەواهی لەسەر پەیوەندیی نێوان بیرکردنەوەی شیعریی و هزر دەدەن. بەو پێیەی بەشێکی زۆری شیعرەکانی سەرچاوە لە بیرکردنەوەیەکی هەمەکی و لۆجیکییەوە دەگرێت، لەم تێڕوانینەوەش، ڕەخنە لە شاعیران و جۆرێکی تر لە شیعر دەگرێت، کە ڕۆڵییان لە دامەزراندن و باڵارەوی هۆشیاری میللەتدا نەبێت.

٢- کێشەی ئەم دەنگە لۆجیکییەی زەینەب خان، کە لە ڕێگەی شیعرەوە دەدوێت، لەگەڵ خودی شاعیرەکاندا نییە، بەڵکو لەگەڵ وەهم و سێبەری ئەو بیرکردنەوەدایە، کە توانای ئەوەی هەیە لە ڕێگەی زمانەوە شتێك بە شتێکی تر پیشانبدات. ئەمەش هەمان ڕیشەی ئەو جەنگە سوکراتییەیە، کە لەگەڵ بیرکردنەوەی سێبەر دروستکەری سۆفستاییەکاندا هەیبوو. بوونی ئەمجۆرە لە دەنگ، لە هەموو سەردەمێکدا بە هەڕەشەی سەر بیروباوەڕەکان و مەترسی سەر بەهای وێنە دروستکراوەکان دەبینرێت، بۆیە یان ژەهر خوارد دەکرێن، یان پەردەپۆش.

٣- گوتنە شیعرییەکانی شاعیر لە ڕێگەی گومانی ڕیشەیی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە، پەردە لە سەر بوونی ئەو شتانە هەڵدەماڵێت، کە تەنیا دیوە ڕوکەشەکەیان دەبینرێت. لە بنەمای ئەم تێگەیشتنەوە، گومان دەخاتە سەر قەناعەتە وەرگیراوەکانی مرۆڤ، پێویستی گەڕانەوە بۆ بیرکردنەوە لەو ژیانە دەرەکییەی کە لە واقیعدا لە ڕێگەی نەریت و هەستەکانمانەوە بۆمان دەگوازرێتەوە ، بە پێویستییەکی حەتمی دەزانێت، بۆ ئەوەی حەقیقەتی ئەو شتەمان بۆ ئاشکرا ببێت، کە لە وادەرکەوتن دایە.

٤- زەینەب خان لە ڕێگەی هزرینی شیعرییەوە ئەوە ڕوندەکاتەوە، هۆشیاری عەقڵی وەك بنەمایەکی بنەڕەتی دیاریکەری ماهییەتی مرۆڤە، بەوەی کە شوناسی زاتی مرۆڤی لە سەربەندە. لەم تێڕوانینەدا، عەقڵ بوونێکی لە خۆدابووی زیندوی هەیە، هەم دایکی مرۆڤە، هەم باوکییەتی، واتە مرۆڤ زادەی ئەم دایك و باوکە عەقڵییەیە، کە لە ڕێگەی بیرکردنەوە و هۆشیارییەوە پەیدا دەبێت. ئەگەر لە دایکبوونی فیزیکیی مرۆڤ ناچارانە بێت، ئەوا هۆشیار بەخۆبوون، ئازادانە مرۆڤ دەخاتە بەردەم هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردنی لە دایکبوونێکی ترەوە ، کە هاتنە بوونی ئەو مرۆڤە عەقڵ ئازادەیە، کە پێیوایە دەبێت ببێت و دایما – هەمیشەش لە پرۆسەی مرۆڤبووندا بێت. هەر ئەم بنەما عەقڵییەشە مانفێستی قۆناغی ڕۆشنگەریی ئەوروپی لەسەر دادەمەزرێت.

٥- شاعیر لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە، ڕاستە لە هەموو سەردەمێکدا دوژمنان مەترسین بۆ سەر بوونی نەتەوەیی کورد، بەڵام لەم مەترسییە گەورەتر، مانەوەیە لە ناو بازنەی جەهلدا. جا ئەگەر "جەهل مەرگ"بێت، ئەوا ژیان لەو هۆشیار بەخۆبوونە عەقڵییە دایە، کە ژیانی تاکەکەسی و نەتەوەییمان دادەمەزرێنێت.

## سەرچاوەکان


حاجی قادری کۆیی ( ١٩٨٦) *دیوانی حاجی قادری کۆیی* .لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شەرەزا .پێداچوونەوە: مەسعود محەممەد. بەغدا: ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان.

زەنگەنە عەبدوڵا ، سدیق ساڵح، و ڕەفیق ساڵح، گۆڤاری گەلاوێژ( ٢٠١٨) بەشی دووەم، بنکەی ژین.

زەینەب خان مەلا ڕەئوف خادم سوجادە ( ٢٠١٨ ) *دیوانی زەینەب خان* .پێشەکی و پێداچوونەوە: عەبدوڵا زەنگەنە. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

زەینەب خان مەلا ڕەئوف خادم سوجادە (٢٠٢١ ) .*کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی - دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە* .لێکۆڵینەوە و پەراوێز: عەبدولخالق عەلائەدین. هەولێر: چاپخانەی فێربوون.

غەمبار، کەمال ( ٢٠٢١ ) *ژیاننامەی زەینەب خان لە هۆنراوەکانیدا* .هەولێر: چاپخانەی ماد.

موفتی عوسمان ڕەشاد (٢٠٢٠ ) *زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک* .پێداچوونەوە: عەبدولخالق عەلائەدین. هەولێر: خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

الأهواني، أحمد فواد (١٩٥٤) *فجر الفلسفة اليونانية قبل سقراط* .الطبعة الأولى. القاهرة: دار إحياء.

غادامير، هانز جورج (٢٠٠٧) *الحقيقة والمنهج* .ترجمة: حسن ناظم وعلي حاكم صالح. طرابلس: دار أويا.

غادامير، هانز جورج (٢٠٠٧) .*طرق هايدغر* .ترجمة: حسن ناظم وعلي حاكم صالح. بيروت: دار الكتاب الجديد المتحدة.

كانت، إيمانويل (٢٠٠٥ ) *نقد ملكة الحكم* .ترجمة: غانم حنا. الطبعة الأولى. بيروت: المنظمة العربية للترجمة.

لویس، رودیس (١٩٨٢) *دیكارت والعقلانیة* .ترجمة: عبد الحلو. بیروت: منشورات عویدات.

هیغل، جورج فیلهلم فریدریش (١٩٨٨) *مدخل إلى علم الجمال - فكرة الجمال* .ترجمة: جورج طرابیشي. الطبعة الأولى. بیروت: دار الطلیعة للطباعة والنشر.

الیاسین، جعفر ( ١٩٨٥) *فلاسفة یونانیون من طالیس إلى سقراط* .الطبعة الثانیة. بغداد: مكتبة الفكر العربي للنشر والتوزیع.

یاكبسون، رومان ( بدون سنة) *قضایا الشعریة* .ترجمة: محمد الولي ومبارك حنون. الدار البیضاء: دار توبقال للنشر.

Descartes, R. (2005). *Die Prinzipien der Philosophie*. Translated and edited by Christian Wohlers. Hamburg: Felix Meiner Verlag.

Hegel, G. W. F. (2008*). Ästhetik I/II.* Stuttgart: Philipp Reclam Jun.

Heidegger, M. (1992). *Parmenides (Gesamtausgabe, Band 54)*. Frankfurt am Main: Vittorio Klostermann.

Heidegger, M. (1996). *Erläuterungen zu Hölderlins Dichtung*. Frankfurt am Main: Vittorio Klostermann.

Heidegger, M. (2010). *Der Ursprung des Kunstwerkes*. Stuttgart: Philipp Reclam Jun.

Hofenberg, F. S. (2016). *Über Anmut und Würde – Kallias oder über die Schönheit*. [Publisher information not provided].

Kant, I. (2016). *Was ist Aufklärung?* North Charleston: CreateSpace.

Mohammad, M. A. (2024) "Womanhood between self-consciousness and the desire for equality, the poems of Zainab Khadem Sujadeh as a case study", KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES, 7(1), pp. 9–27. doi: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp9-27

## پەراویز

*. (زەینەب خان) لە ژمارە (٢)ساڵی (١٩٤٠) چیرۆكی ( سكاڵای دوو مەل لە گوڵزارێكا) بە ناوی (كچە كورد) بڵاودەكاتەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە، ناسناوی (كچە كورد) لە لایەن چەند نووسەرێكی تریشەوە بەكارهاتووە، كە لە ژێرناوی خوازراوەوە بەرهەمەكانییان لەو سەردەمەدا بە تایبەت لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوكردۆتەوە. بە پێی بە دواداچوون و ساغكردنەوەكانی (بنكەی ژین) لەكاتی چاپكردنەوەی سەرجەم ژمارەكانی گۆڤاری گەلاوێژدا، زانیاری و ڕوونكردنەوەی تەواوییان لە سەر ئەم بابەتە داوە. جگە لە زەینەب خان، ئەو نووسەرانەی تر كە ئەم ناسناوەیان بەكارهێناوە ، ئەوان ئاماژەی تریشییان لەگەڵ بەكارهێناوە، نووسەرەكان بریتین لە ١ - كچە كورد ( زەینەب خانی مەلا ڕەئوفی خادم ئەلسوجادە.) ٢- (كچە كورد ( جوان.ن) - ( كچە كورد (شكۆفە.ن) چەمچەماڵ: كچە كورد: ا.ت ( بەم سێ ئیمزایە سێ بابەت بڵاوكراوەتەوە دوانییان وەرگێڕدراوی بابەتی زانستین، ئەویترییان پەخشانێكی هونەرییە، ٣- (كچە كوردێك: (ل.ن) لوتفییەی مەلا سدیقی نازەنینییە، خانمە مامۆستایەكی كۆیی بووە، لە كەركوك ژیاوە. ٤-كچە كورد ( هـ. خۆشناو)، بە پێی لێكۆڵینەوەیەك ئەم كەسە ( محەمەد مەولود مەم) ی چیرۆكنووسە، ئاماژە بەوە دەدرێت مەم یەكەم بەرهەمی خۆی كە پەخشانێك بووە، لە گۆڤاری گەلاوێژ بەم ناوە بڵاوكردۆتەوە. بەڵام لە هەمان كاتدا سەرچاوە هەیە ئاماژە بەوە دەدات، كە مەم یەكەم بەرهەمی پەخشانێك بووە، لە گۆڤاری گەلاوێژ بە ناوێكی خوازراوەوە، بەڵام جێگەی داخە بابەتی پەخشانەكەیان بۆ نەدۆزراوەتەوە. بۆ سەرجەم ئەم زانیارییانە و درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە ( گۆڤاری گەلاوێژ، ئامادەكردن: عەبدوڵا زەنگەنە، سدیق ساڵح، و ڕەفیق ساڵح، بەشی دووەم، بنكەی ژین، ٢٠١٨). هەروەها بە پێی بەدواداچوونی ئێمە وەك- توێژەر- چەند جارێك سەردانی كتێبخانەی شاعیری ناوبراو و - بنەماڵەی خادم سوجادەمان- كرد، كە لەلایەن بنەماڵەكەیەوە پارێزراوە، لەوێدا جگە لە بینینی دەیان وێنەی شاعیر و دەستنووسەكانی، زۆربەی ئەو كتێبانەی زەینەب خان لە نیوەی یەكەی سی و چلەكانی سەدەی رابردوو كڕیویەتی، لە تەنیشت ناوی خۆی ناسناوی كچە كورد و ساڵی كڕینەكەی، لەسەر كتێبەكان نووسبوە.